ڕۆژی دوایی لە ژێر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا
زنجیرەی ( ٢ )

# نیشـــانە گەورەكـــانی ڕۆژی دوایی

نوسینی
یوسف بن عبدالله بن یوسف الوابل

وەرگێڕان و كورتكردنەوەی
حـــەمـــزە بـــەرزنـــجـــی

١٤٣١ كۆچی - ٢٠١٠ زایینی

ناوی کتێب/ نیشانە گەورەکانی ڕۆژی دوایی
وەرگێڕان و کورتکردنەوەی/ حەمزە بەرزنجی
تیراژ/ ١٠٠٠ دانە
نۆبەی چاپ/ سێیەم
چاپ/ چاپخانەی شارستان
ژمارەی سپاردن/ ژمارە (١٦٦)ی ساڵی ١٩٩٨ ی زایینی وەزارەتی رۆشنبیری پێ دراوە

مافی لەچاپدان و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی

(( إنَّ الحمدَ للهِ نَحمدهُ ونَستعينُهُ ونَستغفِرُهُ، ونَعوذُ باللهِ مِنْ شُرورِ أنفُسِنا وسيّئاتِ أعمالِنا، مَنْ يهدِهِ اللهُ فلا مُضلّ لَهُ، ومَنْ يُضلِل فَلا هاديَ لَهُ، وأشهَدُ أن لا إله إلا الله وحدَهُ لا شريكَ له، وأشهَدُ أنَّ محمّداً عَبدُهُ ورَسولهُ.

**﴿ ياأيهُّا الذينَ آمنوا اتّقوا اللهَ حَقَّ تُقاتهِ ولا تَموتُنَّ إلاّ وأنْتُم مُسلِمونَ ﴾** (آل عمران: ١٠٢)

**﴿ ياأيهُّا النّاسُ اتّقوا ربَّكُمُ الّذي خَلَقَكم مِنْ نَفسٍ واحدَةٍ وخَلَقَ مِنها زَوجَها وبَثَّ مِنهُما رِجالاً كثيراً و نِساءاً واتّقوا الله الّذي تَساءلونَ بهِ وَالأرحامَ إنّ الله كانَ عليكمْ رَقيباً ﴾** ( النساء:١)

**﴿ ياأيُّها الذين آمَنوا اتّقوا اللهَ وقولوا قولاً سَديداً يُصلِحْ لَكُمْ أعمالَكُم ويَغفِر لَكُمْ ذُنوبَكُم وَمَنْ يُطِعِ اللهَ وَرَسولَهُ فَقَدْ فازَ فوزاً عَظيماً﴾**. ( الأحزاب: ٧٠-٧١)

أما بعدُ فإنّ أصدقَ الحديثِ كِتابُ الله، وخيرَ الهَدي هَدِيُ مُحمّد(ﷺ)، وشَرَّ الأمُور مُحدَثاتُها، وكُلَّ مُحدَثةٍ بِدعة، وكلَّ بِدعَةٍ ضَلالَةً، وكُلَّ ضَلالَةٍ في النّار )).

**ڕۆژی دوایی ڕاستی‌یەکی قورئانی‌یەو لە بیرخۆبردنەوەو خۆگێل کردن لە ئاستی‌دا مایەی ناڕەحەتی دنیایی‌و لەکیس چوونی قیامەتیکی نەبراوەیە، وەیەکێکە لە پایە بلندو پتەوەکانی ئیمان، کە بەبێ بوونی ئیمان بەم بەشە گرنگە مرۆڤ هەست بە بەرەڵایی دەکات وچاودێری نامینێ بەسەر خۆیداو جڵەوی دەداتە دەستی نەفسی سەرشێت و چاوبرسی. لەبەر ئەوە پێم باش بوو ئەم لایەنە گرنگە موسڵمانانی کوردی لێ ئاشنا بکەم و لەم زنجیرە بابەتەی (ڕۆژی دوایی لە ژێر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا) پێشکەش بکەم کە پێک**

هـاتوه لـه سـێ زنجـیره: (نیشـانه بچـووکەکانی ڕۆژی دوایـی) و (نیشـانه گـەورەکانی ڕۆژی دوایـی)و لەگـەڵ (قیامـەتی گـەورەو نارەحەتیـیەکانی)، جـا ئەمـەش زنجـیرەی دووەمـەو بـاس لـەو نیشـانه گەورانـه دەکـات کـه لەبـەردەم قیامەتدان هەتا ئەم ساتەش هیچ کام لەم نیشانانه ڕوویان نـەداوە. ئـەمیش لـه کتێبی (أشراط الساعة) وەرم گرتووە کە لەلایەن (یوسف بن عبدالله بن یوسف الوابل)ەوە دانراوە کە لەسەر ئەمە پلەی ماجستێری وەرگرتوە بە پلـەی نایـاب لـه مـانگی محـرم سـاڵی١٤٠٤ك، لـه زانکـۆی (أم القـری) کلیـة الشـریعة/فرع العقیـدة.. وەمنـیش وەرم گێڕاوەتـه سـەر زمـانی کـوردی بـه کـەمێك کـورت کردنـەوەو ڕونکردنـەوەی پێویسـت. وە بـۆ تەفسـیری ئایەتـەکان ڕاسـتەوخۆ سـوودم لـه کتێبـی تەفسـیری ئاسـان وەرگرتـووە. داواکـارم لـه خـوای گـەورە بیکاتە چاکەیەك لە چاکە کەمەکانم. وە هاتنەدی ئەم نیشانانه بەڵگەیه لەسـەر ڕاسـتگۆیی‌و ئـەمینی پێغەمبـەر(ﷺ) لـه گەیانـدی پەیامەکەیـدا. بەشـێوەیەك هاوەڵەکانی لێ ئاگادارکردۆتەوە لە هەموو ئاشوبەو فیتنەیەك. ئەوەتا حوزەیفە (ڕەزای خوای لێ بێ) دەفـەرموێ: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) وتـارێکی بۆداین هـیچ شتێکی بـەجێ نەهێشـت تاهەسـتانی قیامـەت ئیلاباسـی کـرد. ئـەوەی لەبـەری کرد لەبەری کردو ئەوەی بیری چۆوە بیری چوویەوە، وە کە دەگەم بەشتێك کـه بیرم چوبێتەوەو پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) باسـی کردبێت، ئەیناسمـەوە هـەروەکو چـۆن پیاوێـك پیاوێـك ئەناسـێتەوە کاتێـك لێـی دوورکەوتبێتـەوەو دوایـی بیبینێتەوە).البخاری (١١/٤٩٤-مع الفتح) ومسلم (١٨/١٥-مع شرح النووی)..

وەڕۆژێکـی تـەواو پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ووتاریـدا بۆهـاوەڵان تـا ئاگاداریـان بکاتـەوە لێـی: ئـەبو زەیـد عمـروی کـوڕی ئەختـەبی ئەنساری(ڕەزای خـوای لێ بێت)فـەرموی: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) نوێـژی بـەیانی پـێ کـردین و سـەرکەوتە سەر مینبەر ووتاری بۆ داین تانیوەڕۆ هات، ئەوجا نوێـژی بۆکردین و پاشـان سەرکەوتە سەر مینبەر ووتاری بۆ داین هەتا عەسر هات، پاشـان نوێـژی کـرد،

پاشان سەرکەوتەوەو ووتاری بۆ داین تا ڕۆژ ئاوابوو، هەواڵی داینیٚ بەهەموو ئەوشتانەی کە هەیە. شارەزاترینمان ئەوەمانە کە زۆری لیٚ لەبەر کردوە).مسلم (١٦/١٨-مع الشرح النووی ).

بەلاٚم پیٚش ئەوەی بچینە ناو باسی نیشانەکانەوە چەند تیٚبینیەک دەخەمە ڕوو:

١- یەکخستنی نیشانە گەورەکانی ڕۆژی دوایی: هیچ نەصیٚکی ڕاستەوخۆ لە فەرمودەکاندا نیە لە ڕیٚکخستنی نیشانەکان کە ئایا کامیان لە پیٚش کامیانەوەیە، هەرچەندە بە (و)ی عطف هاتووە لە نیٚوانیاندا بەلاٚم بە پیٚش و پاشی نیشانەکان لە ڕیوایەتی تردا هاتووە لەوانە:

لە حوزەیفەی کوڕی اسید الغفاریەوە(ڕەزای خوای لیٚ بیٚت) فەرموویەتی: پیٚغەمبەرمان(ﷺ) لیٚ دەرکەوت لە کاتیٚکدا ئیٚمە باسی قیامەتمان دەکرد، فەرمووی: ( قیامەت هەڵناسیٚ تا لە پیٚشیەوە دە(١٠) نیشانە نەبینن) وە باسی ئەمانەی کرد: ( دوکەڵ و دەجچال و گیانلەبەرو دەرکەوتنی خۆر لە خۆرئاواو دابەزینی عیسای کوڕی مەریەم (ﷺ)و یأجوج و مأجوج و سیٚ ڕۆچوون: ڕۆچونیٚك لە ڕۆژهەلاٚت، یەکیٚك لە ڕۆژئاواو یەکیٚکی تر لە نیوەدورگەی عەرەبی، وە نیشانەیەکی تر ئاگریٚکە لە یەمەن دەردەکەویٚ خەڵکی ڕاودەنیٚت بۆ مەحشەرەکەیان). مسلم ١٨/٢٧-٢٨.

وەهەر لەم هاوەڵەوە بەم لەفظەش هاتووە: (قیامەت نایەت تا دە(١٠) نیشانە دیٚتەدی: ڕۆچوونیٚك لە ڕۆژهەلاٚت و ڕۆچوونیٚك لە ڕۆژئاواو یەکیٚك لە نیوە دوورگەی عەرەبی، وە دوکەڵ و دەجچال و گیانلەبەری زەوی-و یأجوج و مأجوج و دەرکەوتنی خۆر لە خورئاواو ئاگریٚك لەناو عەدەنەوە دەردەچیٚت خەڵکی کۆچ پیٚ ئەکات) وە لە ڕیوایەتیٚکی تردا: (وە دەیەم دابەزینی عیسای کوڕی مەریەم) مسلم ١٨/٢٨-٢٩

جا هەندێك لە زانایان پێیان وایە دەججال یەکەم نیشانەیەو هەندێکی تر هەڵهاتنی خۆر لە ڕۆژئاواوە بەیەکەم نیشانە دادەنێن، بەڵام إبن حجر(ڕەحمەتی خوای لێ بێت)دەفەرموێ: (ئەوەی ڕاجیحە لە کۆی هەموو فەرمودەکان ئەوەیە کە دەرچوونی دەججال یەکەم نیشانەی گەورەیە بە گۆڕانی حاڵی گشتی لەسەر زەویداو بەمردنی عیسا(سەلامی خوای لێ بێت) کۆتایی دێت، وە دەرکەوتنی خۆر لە خۆرئاواوە یەکەم نیشانەی گەورەیە لە گۆڕانی حاڵی جیهانی سەرەوەو ئاسمان و بەهاتنی قیامەت کۆتایی دێت و لەوانەیە دەرچوونی (گیانلەبەر)یش هەر لەو ڕۆژەدا بێت کە خۆر لە خۆرئاواوە دەردەکەوێت)...پاشان دەفەرموێت: (وە حیکمەت لەمەدا ئەوەیە کە لە کاتی هەڵهاتنی خۆر لە خۆرئاواوە دەرگای تەوبە دادەخرێت و گیانلەبەرەکە دەردەکەوێ تا بڕوادارو بێ بڕوا لەیەك جیا بکاتەوە بۆ تەواوکەری مەبەستی داخستنی دەرگای تەوبە، وەیەکەم نیشانەش کە ئاماژەیە بۆ هەستانی قیامەت ئەو ئاگرەیە کە خەڵکی کۆدەکاتەوە لە مەحشەر). فتح الباری ٣٥٣/١١

ئیمامی الطیبی(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (ئەم نیشانانەش بەڵگەی قیامەتن، سائیتر یان بۆ نزیکیەکەی یان ڕوودانەکەی، بۆ نزیکیەکەی هاتنی دەججال و دابەزینی عیساو یأجوج و مأجوج و ڕۆچوون، وە بۆ ڕوودانەکەشی: دووکەڵ و هەڵهاتنی خۆر لە خۆرئاواو دەرچوونی گیانلەبەرو ئاگرەکەی کە خەڵکی کۆدەکاتەوە).فتح الباری ٣٥٢/١١-٣٥٣.

٢- <u>بە دوای یەکدا هاتنی نیشانە گەورەکان</u>: لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم نیشانەی گەورە نیشانەکانی تر دەردەکەون بەدوای یەکدا وەکو چۆن دەنکی تەسبیح کە بچڕا دوای یەك دەکەون:

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) عن النبي (صلى الله عليه وسلم) قال: ( خُروجُ الايات بَعضُها على أثْر بعضٍ يَتَتابَعْنَ كما تَتابع الخرزُ في النظام). قال الهيثمي: (رواه الطبراني في الاوسط ورجاله

رجال الصحيح غير عبدالله بن أحمد حنبل وداود الزهراني وكلاهما ثقة) مجمع الزوائد ٣٣١/٧ وقال الالبانى: (صحيح). أنظر (ص.ج.ص)٣/١١٠(ح٣٢٢٢).

**واته: دەرکەوتنی نیشانەکان دوابەدوای یەك دێن، دوای یەك دەکەون هەروەك چۆن زەنیانەو مووروو شوێن یەك دەکەون.**

**وە ئەمەش وای لێ تێ ئەگەم کە مەبەست پێی نیشانە گەورەکان بێت.. (والله أعلم).**

**وعن عبدالله بن عمرو قال: قال رسول الله (ﷺ): (الآيات خَرْزاتُ منظومات في سلكٍ. فإنَ يُقطَعِ السلكَ يَتَبع بَعضها بعضاً).** مسند أحمد ٦/١٢-٧(ح٧٠٤) شرح أحمد شاكر وقال: (إسناده صحيح) وقال الهيثمى: (رواه أحمد وفيه علي بن زيد وهو حسن الحديث). مجمع الزوائد٣٢١/٧.

**واته: نیشانەکان وەکو دەنکە تەسبیحی ڕێکو پێك وایە کە بە دەزوویەك بەسترابێت ئەگەر دەزووەکە بچڕا دەنکەکان شوێن یەك دەکەون.**

**ئێستاش دەچینە سەر باسی نیشانە گەورەکان کە لەسەرەتادا باسی (المهدی)م کردووە چونکە پێش هاتنی دەججال دێت:**

# المهدی

**ناوی/** إبن كثير(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ناوی: (محمدی كوڕی عبداللەی العلوی الفاطمی الحسنی)یە (ڕەزای خوای لێ بێت). بڕوانە النهایة/الفتن والملاحم ١-٢٩.

**سیفەتی/** ناوچەوانی پانەو پێشی سەری إصلاحەو لوتی کەمێك بەرزە.

**شوێنی دەرچوونی/** لەلای ڕۆژهەڵاتەوە دەردەچێت، ثەوبان (ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمویەتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمویەتی: (لەلای گەوهەرەکەتان –کەعبە– سێ کەس دەیکەن بەشەڕ کە هەمویان کوڕی خەلیفەن، پاشان چەند ئاڵایەکی ڕەش لەلای ڕۆژهەڵاتەوە دەردەکەوێ شەڕتان لەگەڵ دەکەن، بەجۆرێ کەس کوشتاری وای لەگەڵ نەکردوون (پاشان باسی شتێکی کرد بیرم نەماوە، وە فەرمووی: ئەگەر ئەوەتان بینی بەیعەتی بدەنێ، ئەگەرچی بە گاگۆڵکێ ڕۆشتون بۆلای لەسەر بەفر، چونکە ئەوە خەلیفەی خوا –مهدی– یە). سنن ابن ماجە ١٣٦٧/٢ ومستدرك الحاكم ٤٦٣/٤-٤٦٤ وقال: هذا الحديث صحيح على شرط الشيخين ووافقه الذهبی، وقال ابن كثير: هذا اسناد قوی صحیح ، بەڵام لەم فەرمودەیەدا لەفزی:(خلیفه الله) هیچ ڕێگایەکی چەسپاوی نیەو ڕاست نیە، چونکە جائز نیە بوترێ خەلیفەی خوا، لەبەر ئەوەی خوای گەورە خەلیفەی نیە هەروەکو إبن تیمیەو ئەلبانی دەفەرمون لەشەرحی ئەم فەرمودەیەدا./أنظر سلسلة الاحاديث الضعيفة والموضوعة ج١ ص ١١٩-١٢١( ح٨٥).

ابن كثير(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ئەمە لەڕۆژهەڵاتەوەیە نەك لەسەردابی سامەڕا وەکو رافیضة جاهیلەکان دەڵێن ئێستا لەوێدایە..

وە کۆمەڵێك لەئەهلی ڕۆژهەڵات پشتی دەگرن و لەسەری دەکەنەوە ئەوانیش ئاڵایان ڕەشە چونکە ئاڵاکەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕەش بوو پێی دەوترا (**العُقاب**)..../النهاية، الفتن والملاحم٢٩/١-٣٠.

**<u>بەڵگە لە فەموودەدا لەسەر دەرکەوتنی:</u>**

**لەم فەرمودانەدا تیایانە بە دەق ناوی مەهدی هاتووەو هەشیانە بەس تەنیا وەسفەکەی هاتووە:**

**١- عن أبي سعيد الخدري (رضي الله عنه) أن رسول الله(صلى الله عليه وسلم) قال: (يخرج في أخر أمتي المهدي، يُسقيه الله الغيث، وتخرج الارض نباتها، ويعطي المال صحاحا، وتكثر الماشية، وتعظم الامة، يعيش سبعا أو ثمانيا(يعنى حِججاً)**. مستدرك الحاكم ٥٥٧/٤-٥٥٨ وقال: هذا الحديث صحيح الاسناد ولم يخرجاه ووافقه الذهبي وقال الالبانى: هذا سند صحيح رجاله ثقاة (س.ح.ص) (م٢/ص٣٣٦)(ح٧١١٠).

**واتە: لە کۆتایی ئوممەتەکەمدا (مهدی) دەردەکەوێت کە خوا بارانێکی زۆری بۆ دەبارێنێو زەوی بەروبومی دەردەخات، ماڵ دەبەخشێ بەیەکسانی بەسەر خەڵکداو ئاژەڵ زۆر دەبێت و ئوممەت گەورەو فراوان دەبێت، (٧) یان (٨) ساڵ دەژی.**

**٢- لە أبي هورەیرەوە(رەزای خوای لێ بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی: (موژدەتان دەدەمێ بە (مهدی) کە خوای گەورە دەینێرێ لە کاتی جیاوازی نێوان خەڵکیو زۆربوونی لەرینەوەی زەویدا، وە زەوی پڕدەکات لە خۆشیو یەکسانی هەروەکو چۆن پڕبووە لە ناخۆشیو ستەم، ئەهلی ئاسمان و زەوی لێی ڕازی دەبن و ماڵ بە (صحاح) دەبەخشێ، پیاوێ ووتی (صحاح) چییە؟ فەرمووی: (بەیەکسانی لە نێوان خەڵکدا). وە فەرمووی: (وە هەروەها خوای گەورە دڵی ئوممەتی محمد(صلى الله عليه وسلم) پڕدەکات لە دەوڵەمەندی، وە دادوەرییەکەی خۆشحاڵیان دەکات، هەتا فەرمان دەکات بە بانگدەرێ جاڕ دەدات و دەفەرموێت: کێ پێویستی بەماڵ هەیە؟ کەس هەڵناسێ لە خەڵکی تەنها پیاوێك نەبێت، دەفەرموێت: بچۆ بۆ لای خازن پێی بڵێ مەهدی فەرمانت پێ دەکات کە ماڵم بدەیتێ، ئەچێو ئەویش پێی ئەڵێت: کۆشت بکەرەوە، ئیتر ئەوەندەی پێ دەبەخشێت هەتا کە پڕدەبێت و هەڵدەئاوسێ، ئەوکاتە پەشیمان**

دەبێتەوەو دەفەرموێت: من لە هەموو ئوممەتی محمد(ﷺ) ئازاتربووم ، کەچی ئەوەی ئەوانی لێ دەوڵەمەندو بێ نیاز کردووە منی بێ دەسەلآت کردووە لێی؟! فەرمووی: ئیتر ئەیگەڕێنێتەوە، بەلآم لێی وەرناگیرێتەوەو پێی دەووترێ: ئێمە ئەو شتەی بەخشیمان وەری ناگرینەوە. بەم جۆرە حەوت یان هەشت یان نۆ ساڵ دەمێنێتەوە، پاشان مانەوە خەیری تیانامێنی دوای ئەم) یان فەرمووی: (پاشان ژیان خەیری تیانامێنێ دوای ئەم). مسند الأمام احمد٣/٣٧ قال الهيثمي: رواه الترمذي وغيره باختصار كثير ورواه أحمد باسانيده وأبو يعلى باختصار كثير. ورجالها ثقات/مجمع الزوائد ٧/٣١٣-٣١٤.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لە دوای مردنی مەهدی خراپەو ئاشوبەی گەورە دەردەکەوێت.

٣- عن علي(رضي الله عنه) قال: قال رسول الله(ﷺ): (المهدى منا أهل البيت، يُصلحه الله فى ليلة). مسند أحمد ٢/٥٨(ح٦٤٥) تحقيق أحمد شاكر وقال: إسناده صحيح، وسنن إبن ماجه ٢/١٣٦٧، وصححه أيضا الالباني في(ص.ج.ص) ٦/٢٢(ح٦٦١١).

واتە: مەهدی لە ئێمەیە لە ئەهل و بەیت، خوا لە شەوێکدا إصلاحی دەکات.

إبن كثير دەفەرموێت: واتە: خوای گەورە تەوبەی لێ قبوڵ دەکات و موەففەقی دەکات و ڕێی نیشان دەدات دوای ئەوەی کە پێشتر وانەبووە./النهاية فى الفتن والملاحم١/٢٩.

٤- عن أبي سعيد الخدري (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله(ﷺ): (المهديُّ مني أجليُّ الجبهةِ، اْقني ألانفِ، يملأ الارض قِسطاً وعَدلاً كما ملئت ظلماً وجَوراً، يملك سبع سنين). سنن أبي داود١١/٣٧٥ (٤٢٦٥) ومستدرك الحاكم ٤/٥٥٧ وقال: هذا حديث صحيح على شرط مسلم ولم يخرجاه، وقال الذهبي: عمران (أحد رواة الحديث) ضعيف لم يخرج له مسلم، وقال الالباني: إسناده حسن (صحيح الجامع) ٦/٢٢-٢٣ (ح ٦٦١٢).

واتە: مەهدي لە منە، ناوچەوانی پانەو لوتی بەرزاییەکی تێدایەو زەوی پڕ دەکات لە خۆشیو یەکسانی هەروەکو چۆن پڕبووە لە ستەم و ناخۆشی، حەوت ساڵ موڵك دەگرێتە دەست.

**٥- عن أم سلمة(رضي الله عنها) قالت: سمعت رسول الله(ﷺ)يقول: (المهديُّ منْ عَترتي منْ ولد فاطمة).** سنن أبي داود ٣٧٣/١١ وسنن إبن ماجه ٣٦٨/٢ قال الالباني في (ص.ج.ص): صحيح ٢٢/٦(ح٦٦١٠).

**واته: مەهدی لە نەوە نزیکەکانی منە لە وەچەو منداڵی فاطمةیة.**

**٦- عن جابر(رضي الله عنه) قال: قال رسول الله(ﷺ): (ينزل عيسى بن مريم فيقولُ أميرهم المهدي: تعال صلِّ بنا، فيقولُ: لا، إنَّ بعضهم أمير بعض، تكرمة الله هذه الامَّة).** رواه حارث بن أبي أسامة في مسنده كما في (منار المنيف) لإبن القيم ص١٤٧-١٤٨ و(الحاوي في الفتاوى) للسيوطي ٦٤/٢ قال إبن القيم: هذا إسناد جيد، وصححه عبد العليم في رسالته في المهدي ص ١٤٤.

**واته: عیسای کوڕی مەریەم دائەبەزێو لەو کاتەدا ئەمیرەکەیان ئەڵێ: وەرە پێشنوێژیمان بۆ بکە، ئەویش دەفەرمووێ: نەخێر هەندێکتان ئەمیری هەندێکتانن، ئەمەش ڕێزلێنانێکی خوایە بۆ ئەم نەتەوەیە.**

**٧- عن إبي سعيد الخدري (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله(ﷺ): (منّا الذي يُصلّي عيسى ابن مريم خلفه).** رواه ابو نعيم في (أخبار المهدي) كما قال السيوطي في الحاوى ٦٤/٢ ورمز له بالضعف وكذلك المناوى في فيض القدير١٧/٦ وقال الالباني: (صحيح). أنظر(ص.ج.ص)٢١٩/٥(ح ٥٧٩٦) وقال عبدالعليم في رسالته: إسناده حسن لشواهده. ص ٢٤١.

**واته: لە ئێمەیە ئەو کەسەی عیسای کوڕی مەریەم نوێژی لە دواوە دەکات.**

**٨- عن عبدالله بن مسعود(رضي الله عنه) قال: قال رسول الله(ﷺ): (لاتذهب أو لا تنقضي الدُنيا حتى يملكُ العرب رجُلاً من أهل بيتي، يواطىءُ إسمه إسمي).** مسند أحمد١٩٩/٥(ح٣٥٧٣) تحقيق أحمد شاكر وقال: إسناده صحيح. والترمذي ٤٨٥/٦ وقال: هذا حديث حسن صحيح. وسنن أبي داود٣٧١/١١، وفي رواية: (يواطىء إسمه إسمي وإسم ابيه إسم أبي). سنن أبي داود٣٧٠/١١ وقال الالباني: صحيح. (ص.ج.ص) ٧٠/٥-٧١ (ح٥١٨٠).

**واته: دنیا ناڕوات یان تەواو نابێت هەتا پیاوێك لە عەرەب دەسەڵات دەگرێتە دەست لە ئەهلی بەیتی منەو ناوی وەك ناوی منە،**

**لە ڕیوایەتەکەی تردا: ناوی وەك ناوی منەو ناوی باوکی وەکو ناوی باوکی منە.**

**وه لهو فهرمودانهى كه له ( صهحيحهين ) واته ( بوخارىو مسلم )دا هاتووه سهبارهت به مههدى:**

**١- عن أبي هريرة(رضي الله عنه) قال: قال رسول الله(ﷺ): (كيف أنتم إذا نزل ابن مريم فيكم وإمامكم منكم).** البخاري٦/٤٩١ ومسلم٢/١٩٣

**واته: ئێوه حاڵتان چۆن بێت كاتێ كه عيساى كورى مهريهم دادهبهزێت بۆ ناوتان و لهو كاتهدا پێشهواكهتان له خۆتانه.**

**٢- عن جابر بن عبدالله(رضي الله عنهما) قال: سمعت رسول الله(ﷺ) يقول: (لاتزال طائفة من أمتي يقاتلون على الحق ظاهرين الى يوم القيامة) قال: (فينزل عيسى بن مريم(عليه السلام) فيقول أميرهم: تعال صل لنا، فيقول: لا إن بعضكم على بعض إمراء، تكرمة الله هذه الأمة).**مسلم٢/١٩٣-١٩٤

**واته: بهردهوام كۆمهڵێك له ئومهتهكهم دهجهنگن لهسهر حهقن و سهركهوتوون تا ڕۆژى دوايى، فهرمووى: وه عيساى كورى مهريهم(عليه السلام) دادهبهزێت و ئهميرهكهيان دهڵێت: وهره بهرنوێژيمان بۆ بكه، دهفهرموێت: نهخێر ههندێكتان بهسهر ههندێكتانهوه پێشهواو ئهمين، ئهمهش ڕێزلێنانێكى خوايه بۆ ئهم ئوممهته.**

**٣- عن جابر بن عبدالله قال: قال رسول الله(ﷺ): (يكون في آخر أمتي خليفة يحثى المال حثيثاً لا يعده عدد) قال الجريري-أحد رواة الحديث- :( قلت لأبي نضرة وأبي العلاء: أتريان أنه عمر بن عبدالعزيز؟ فقالا: لا).** مسلم ١٨/٣٨-٣٩

**واته: له كۆتايى ئوممهتهكهمدا خهليفهيهك پهيدا دهبێت پاره دابهش دهكات كه له ژماره نايهت. (الجريرى) كه يهكێكه له ڕاويانى فهرمودهكه فهرموويهتى: به ئهبى (نهضرهو ئهبى العلاء)م ووت: ئايا پێتان وايه كه ئهو كهسه عومهرى كوڕى عبدالعزيز بێت؟ فهرمويان: نهخێر.**

وه فەرمودەكانی باسی (مەهدی) متەواتری مەعنەوین وەكو زۆربەی زانایان دەفەرموون، وەزۆرێك لە كتێبیان لەم بارەیەوە داناوە تایبەت بە مەهدی جگە لە كتێبەكانی فەرموودە.

**فەرمودەی: ( لا مهدی الا عیسی بن مریم )**

هەندێك لەوانەی ئینكاری مەهدی دەكەن ئەم فەرموودەیە دەكەنە بەڵگە:

عن انس بن مالك(رضي الله عنه) أن رسول الله (صلى الله عليه وسلم) قال: (لا یزداد الأمر الا شدة، ولا الدنیا الا ادبارا، ولا الناس الا شحا، ولا تقوم الساعة الا علی شرار الخلق، ولا المهدي الا عیسی ابن مریم). سنن ابن ماجة٢/١٣٤٠-١٣٤١ ومستدرك الحاكم٤/٤٤١-٤٤٢

واتە: حاڵ و گوزەران بەرەو ناخۆشی دەڕوات و دونیا بەرەو پشت هەڵكردن و خەڵكی بەرەو چروكیو قیامەتیش نایەت تەنها لەسەر خراپەكارانی خەڵكی نەبێت و مەهدیش نییە مەگەر عیسای كوڕی مەریەم.

وە ئەم فەرموودەیە (ضةعیف)ە، چونكە (محمد بن خالد الجندی) تێدایە، الذهبي دەفەرموێت: (قال الأزدي: منكر الحدیث) وأبو عبدالله الحاكم دەفەرموێت: مەجهولە، وە ابن تیمیە دەفەرموێت: ئەم فەرمودەیە زەعیفە/ مناهج السنة النبویة٤/٢١١ وابن حجر دەفەرموێت: مەجهولە/تقریب التهذیب٢/١٥٧، بەڵام ابن كثیر بە پێچەوانەی ئەمانەوە دەفەرموێت: ئەم فەرمودەیە مەشهورە بە محمد بن خالد الجندی الصنعائی المؤذن شیخ الشافعي.... والقرطبي دەفەرموێت: ئیحتیمالە فەرمودەی: (ولا مهدی الا عیسی) مەبەستی ئەوە بێت كە مەهدی تەواوو مەعصوم نییە مەگەر عیسا، وە بەم شێوەیە فەرمودەكان كۆدەكرێنەوەو دژواریان نامێنێت./ التذكرة في أحوال الموتی والأمور الآخرة ٦١٧.

كەواتە هەرچەندە گریمانی زۆر هەیە لە صەحیحی ئەم فەرمودەیە بەڵام ناتوانرێت بكرێتە بەرپەرچی هەموو ئەو فەرموودە صەحیحانەوە كە هاتووە لەسەر مەهدی كە لەم فەرمودەیە زۆر صەحیحترن، كە زانایان جیاوازن لەسەر بوون و نەبوونیدا....والله أعلم

# یەکەم: چاوسڕاوەی حەق داپۆشەر(المسیح الدّجّال)

**ماناى(المسيح)**/ئەم ووشەیە ناونراوە لە هەردوو کەسی(ڕاستگۆ) وە هەروەها (گومڕاکەری درۆزن) واتە مەسیحی عیسای کوڕی مەریەم (علیه السلام) کە ڕاستگۆیەو المسیح الدجال کە گومڕاکەری درۆزنە. ئەم دوانەش دژی یەکن عیسا(علیه السلام) مەسیحی هیدایەتەو کەڕو بەڵەکی چاك دەکردەوەو مردووی زیندوو دەکردەوە بەئیزنی خودا. وە الدجال (نەفرینی خوای لیٚ بیٚ) مەسیحی گومڕاییە. خەڵکی توشی ئاشوبە ئەکات بە ئەو نیشانانەی کە خوای گەورە داویەتیٚ وەکو ئەوەی کە باران ئەبارێنێت و زەوی سەوز ئەکات بەڕووەك و شتی تر. وە دەججال ناو براوە بە (المسیح) لەبەرئەوەی یەکێك لە چاوەکانی سڕاوەتەوە. یان لەبەرئەوەی زەوی لە (٤٠) ڕۆژدا ئەسڕێتەوە/النهایة في غریب الحدیث٤/٣٢٦-٣٢٧ ولسان العرب٢/٥٩٤-٥٩٥.

وە ووتەی یەکەم ڕاستە لەبەرئەوەی لە فەرمودەدا هاتوە کە چاوی سڕاوەتەوە.

**ماناى(الدجال)**/واتە داپۆشەرو تێکەڵاوکەری درۆزنی کاری گەورە ئەنجامدەر. واتە درۆو هەڵخەتاندنی زۆر ئەنجام دەدات /النهایة في غریب الحدیث٢/١٠٢. وە کۆی دەججال بریتیە لە(دجالون-دجاجلة). وەبە مەسیح الدجال دەوتریٚ دەججال لەبەر ئەوەی حەق بە بەتاڵ دادەپۆشیٚ. یا لەبەرئەوەی خەڵکی بەهۆی فێڵ و هەڵ خەڵەتاندنەوە بە کوفری خۆی دادەپۆشیٚ. وە ووتراوە لەبەر ئەوەی هەموو شتێك بەهۆی زۆری شوێن کەوتوانی دادەپۆشیٚ والله علم./لسان العرب١١/٢٣٦-٢٣٧وترتیب القاموس ٢/١٥٢.

### پێش دەرکەوتنی دەججال/

پێش هاتن و دەرکەوتنی دەججال گرانیەکی زۆر پەیدا دەبیٚو سیٚ ساڵ دەخایەنیٚ. ساڵی یەکەم خوای گەورە فەرمان بە ئاسمان دەکات سێیەکی

**بارانەکەی دەگرێتەوەو فەرمان بەزەوی دەکات سێیەکی بەروبوومی دەگرێتەوە. وە لە ساڵی دووەمدا فەرمانیان پێ دەکات لەسێبەش دووبەش باران و بەروبوومەکەیان بگرنەوە. لە ساڵی سێیەمدا فەرمانیان پێ دەکات باران نەبارێت و شینایی نەڕوێ، پرسیار کرا لەو کاتەدا خەڵکی چۆن دەژین؟ پێغەمبەر(ﷺ)فەرمووی: (بە وتنی: لا اله الا الله، الله اکبر، الحمدلله) کە ئەمانە جێگەی خواردنیان بۆ دەگرێتەوە)**.انظر صحيح الجامع٦/٣٧٧.

## سیفەتەکانی دەججال/

**دەججال لە مرۆڤەکانی کوڕی ئادەمەو نێرە، گەنجە-سوورە-کورتە باڵایەو پاژنەی قاچی لەیەك دوورەو پێشەوەی نزیکە لەیەك. قژی لولە-ناوچەوانی پانە-سنگی بەرزە -چاوی ڕاستی کوژاوەتەوەو مەسح بووە، ئەم چاوەش نەدەرپەڕیوەو نەچووە بەقوڵا. وەکو بۆڵە ترێوایە- وە چاوی چەپی تانەیەکی(پەردەیەکی ڕەشی)ئەستوری لەسەرە. وە لەنێوان هەردوو چاویدا نوسراوە: (ك-ف-ر)بە پچڕی، یان (کافر) بەسەریەکەوە، کە هەموو موسوڵمانێکی خوێندەوارو نەخوێندەوار دەیخوێنێتەوە. وەهەروەها نەزۆکەو وەچاخ کوێرە منداڵی نابێ.**

**لەو فەرمودانەی ئەم سیفەتانەی تێدا هاتووە کە بەڵگەن لەسەر هاتنی دەججال:**

**١.عن ابن عمر(رضي الله عنهما)أن رسول الله(ﷺ) قال:(بينا أنا نائم اطوف بالبيت.(فذكر انه رأى عيسى أبن مريم(عليه السلام) ثم رأى الدجال. فوصفه فقال: فاذا رجل جسيم أحمر. جعد الرأس. اعورالعين. كأن عينه عنبة طافية. قالوا: هذا الدجال. أقرب الناس شبها ابن قطن. رجل من خزاعة)**.البخاري ١٣/٩٠ ومسلم ٢/٢٣٧.

واتە: لەکاتێکدا من خەوتبووم لە خەومدا تەوافی کەعبەم دەکرد. (ئینجا باسی کرد کە عیسای بینیوە پاشان دەججالی بینیوەو وەصفی کردو فەرمووی): بینیم پیاوێکی لاشە گەورەی سووری قژ لوول. چاوکوێر چاوی وەکو بۆڵە ترێ دەرپەریبوو. ووتیان: ئەمە دەججالە. نزیکترین کەسێ کە لەشێوەدا لەو بچێت (ابن قطن)ی خوزاعی‌یە {کە ناوی عبدالعزی بن قطن بن عمرو الخزاعییةو لە جاهیلی‌دا مردووە}.

٢.وعن ابن عمر(رضي الله عنهما) أن رسول الله (ﷺ) ذكر الدجال بين ظهراني الناس. فقال: (إن الله تعالي ليس بأعور ألا وإن المسيح الدجال أعور العين اليمنى. كأن عينه عنبة طافية). البخاري١٣/٩٠ ومسلم ١٨/٥٩

واتە: پێغەمبەر(ﷺ) لەناو خەڵکیدا باسی دەججالی کردو فەرمووی: خوای گەورە کوێر نی‌یە. کەچی مەسیحی دەججال چاوی ڕاستی کوێرە وەکو ترێی دەرپەڕیو وایە.

٣. وفي حديث النواس بن سمعان(رضي الله عنهما) قال(ﷺ) في وصف الدجال: ( إنه شاب قطط، عينه طافية. كأني أشبهه بعبدالعزى بن قطن).مسلم ١٨/٦٥.

واتە: گەنجێکی زورقژ لولە. چاوی کوێرە. من ئەیشوبهێنم بە عبدالعزی کوڕی قطن..

٤. وفي حديث عبادة بن الصامت(رضي الله عنه) قال رسول الله(ﷺ): (إن مسيح الدجال رجل قصير. أفحج. جعد. أعور، مطموس العين. ليس بناتئة ولاجحراء. فإن ألبس عليكم فأعلموا أن ربكم ليس بأعور). سنن أبي داود ١١/٤٤٣ والحديث صحيح أنظر (ص.ج.ص) ٢/٣١٧-٣١٨ (ح ٢٤٥٥).

واتە: مەسیحی دەججال پیاوێکی کورتەباڵای شەلی گێڕە. (واتە پاژنەی قاچی لەیەك دوور دادەنی‌و پێشەوەی قاچی نزیك دادەنێ لە کاتی ڕۆیشتنی‌دا) قژلولی کوێرە، چاوی سڕاوەتەوە. نەدەرپەڕیوەو نەچووە بەقوڵا. ئەگەر لێتان

تێکچو گومانتان بۆ دروستبوو لەودا ئەوا چاك بزانن کە خوای ئێوە کوێر نیی‌یە.

٥- وفی حدیث أبي هريرة(رضي الله عنه) قال رسول الله(صلى الله عليه وسلم): (وأما مسیح الضلالة. فإنه أعور العين. أجلي الجبهة. عريض النحر. فيه دفأ). مسند الامام أحمد ١٥/٢٨-٣٠ تحقيق وشرح أحمد شاكر وقال: اسناده صحيح. وحسنه ابن كثير. انظر (النهاية/الفتن والملاحم) ١/١٣٠.

واتە: بەڵام مەسیحی گومڕایی چاوی کوێرە. ناوچەوانی پانە. سەرسنگی بەرزە. لەڕۆیشتندا جاربەجار دەشەلێت.

٦. وفي حديث حذيفة(رضي الله عنه) قال(صلى الله عليه وسلم): (الدجال أعور العين اليسرى. جفال الشعر). مسلم ١٨/٦٠-٦١.

واتە: دەججال چاوی چەپی کوێرەو قژی زۆرە.

٧. وفي حديث أنس(رضي الله عنه) قال(صلى الله عليه وسلم): ( وان بين عينيه مكتوب: كافر). البخاری ١٣/٩١ ومسلم ١٨/٥٩ وفي رواية: (...ثم تهجاها: ك ف ر، يقرؤه كل مسلم). مسلم ١٨/٥٩.

واتە: لەنێوچاوانی‌دا نوسراوە (کافر). وە لە ڕیوایەتێکی تردا: پاشان بە پچڕ پچڕی خوێندیەوەو فەرمووی: ( ك.ف.ر) کە هەمو موسڵمانێك دەیخوێنێتەوە.

وفي رواية حذيفة: (يقرؤه كل مؤمن كاتب وغير كاتب). مسلم ١٨/٦١

واتە: هەموو باوەڕدارێکی خوێندەوارو نەخوێندەوار دەیخوێنێتەوە.

وەئەم نوسینەش حەقیقی‌یەو بەجۆرێکە کە نابێتە گرفت لەسەر خوێندەوارو نەخوێندەواری موسڵمان، بەڵام خوێندەواری کافر ناتوانێت بیخوێنێتەوە. چونکە ئەمە تواناو ویستی خوایە کە لەوکاتەدا شتی لەسەرو عادەت ڕوودەدات/فتح الباري ١٣/١٠٠. هەروەها ئیمامی النووی‌یش دەفەرمویٚ کە ئەمە حەقیقەتە/شرح النووی لصحیح مسلم ١٨/٦٠.

٨. هەروەها لە فەرمودەی فاطیمەی کچی قەیسدا هاتووە(ڕەزای خوای لیٚ بێت) لەباسی الجساسەدا: ووتیان کە تەمیم (ڕەزای خوای لیٚ بێت) فەرمووی:

(...فانطلقنا سراعاً. حتى دخلنا الدير، فإذا فيه أعظم أنسان رأيناه قط. وأشده وثاقا). مسلم ٨١/١٨

واته: بەپەلە چوینە ناو خانوەکەوە بینیمان مرۆڤێکی تێدابوو بە شێوەیەك گەورە بوو لەو گەروەترمان نەدیوە کە لەهەموو کەس توندتر بەسترابوەوە.

٩. وفي حديث عمران بن حصين(رضي الله عنه) قال: سمعت رسول الله(ﷺ) يقول: (ما بين خلق آدم إلى قيام الساعة خلق أكبر من الدجال). مسلم ٨٦/١٨.

واته: لە نێوان دروست بوونی ئادەم تا قیامەت دروستکراوێك ذیيە لە دەججال گەورەتربێت.

١٠. وە بە سەرهاتی ابن صیاد لەگەڵ إبی سعیدالخدری کە ابن صیاد پێی ووت: (..ألست سمعت رسول الله(ﷺ) يقول: (إنه لايولد له؟ قال: قلت بلى....). مسلم ٥٠/١٨

واته: ئایا گوێت لە پێغەمبەر(ﷺ) نەبووە فەرمویەتی: کە دەججال منالی نابێت؟ فەرموی: منیش ووتم: بەڵێ.

تێبینی/

لەو ڕیوایەتانەی ڕابردودا گرفتێك هەیە ئەویش ئەوەیە هەندێکیان وەسفی چاوی ڕاستی دەکات بە کوێرو هەندێکی تر چاوی چەپی، هەمووشیان صەحیحن.

ابن حەجەر(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) پێی وایە کە فەرمودەی (ابن عمر)(ڕەزای خوایان لێ بێت) کە لە صەحیحەیندا هاتوە کە باسی چاوی ڕاستی دەکات بە کوێر ئەمە صەحیحترە لە ڕیوایەتی (مسلم) کە باسی چاوی چەپی دەکات بە کوێری. چونکە (متفق عليه) بەهێزترە لە غەیری خۆی. فتح الباری ٩٧/١٣.

بەڵام (القاضي عياض)(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) پێیوایە هەردوو چاوی دەججال عەیبی هەیە، چونکە هەموو ڕیوایەتەکان ڕاستن. وە چاوە سڕاوەکەی

که نەماوەو نابینێ چاوی ڕاستی‌یەتی وەك لە فەرمودەکەی (ابن عمر)(ڕەزای خوایان لێ بێت)دا هاتووە، وەچاوی چەپی پەردەیەکی ئەستوری لەسەرەو ئەمیش عەیبدارە. کەواتە هەردوو چاوی عەیبی هەیە. یەکێکیان بە کوێری‌و ئەوی تریان بە تانەو دەرتۆقیوی.

ئیمامی نەوەوی(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەباسی ئەم کۆکردنەوەیەدا دەفەرموێ: ئەمە کۆتای هەموو بۆچوونەکانەو چاکە/ شرح النووی لمسلم ٢/٢٣٥. وە ابوعبدالله القرطبیش تەرجیحی ئەمەی داوە/التذكرة ص ٦٦٣.

وەچاوی چەپیشی وەك شوشەی سەوزە/الصحيحة ٤/٤٧٧

## ئایا دەججال زیندووە؟ وە ئایا لەکاتی پێغەمبەردا (ﷺ) هەبووە؟

بۆ زانینی وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە (ابن صیاد) بناسین کە کێیە؟ وەئایا دەججالە یان نا؟ وە ئەگەر ئەو نیە ئایا ئیستا دەججال هەیە پێش ئەوەی دەربکەوێ؟

(ابن صیاد) ناوی (صافی)یە. وە وتراوە:ناوی (عبدالله بن صیاد یان صائد)ە/ فتح الباری٣/٢٢٠و ٦/١٦٤.

لە یەهودی‌یەکانی مەدینە بوو، ووتراوە ئەنصاری بووە. وە لە کاتی هاتنی پێغەمبەردا(ﷺ) ئەو منالێ بووە. (ابن کثیر)(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) گێڕاویەتیەوە کە ئەم کابرایە موسڵمان بووە. وە کوڕەکەی کە ناوی (عمارة)یە لە گەورە تابیعیەکانە وەئیمام مالك وجگە لەویش فەرموودەیان لێوە گێڕاوەتەوە/النهاية الفتن والملاحم ١/١٢٨.

وە ئیمامی (الذهبي)(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (عبدالله بن صیاد (ابن شاهین) هێناویەتی). وە دەفەرموێت: (وەوتراوە کە ئەو(ابن صائد)ەو باوکی یەهودی بووە، عبدالله بە کوێری لە دایك بووە بە خەتەنەکراوی، هەر لەبەر ئەمەیە کە پێی وتراوە دەججالە. پاشان موسڵمان بووە، لەبەر ئەمە

**تابیعی‌یه بەس پێغەمبەریشی(ﷺ) بینیوە)/** تجريد اسماء الصحابة ٣١٩/١ (رقم٣٣٦٦) للحافظ الذهبي.

**وە (ابن حجر)(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەو ووتەیەی کە ئیمامی (الذهبی) وتویەتی هێناویەتی پاشان ئەفەرموێت: (یەکێك لە منداڵەکانی ناوی (عُمارةی کوڕی عبداللە کوڕی صیّاد)ە، کە لە چاکترینی موسڵمانانەو لە هاوەڵەکانی (سعیدی کوڕی المسیب)بووەو ئیمامی مالك وغەیری ئەویش فەرمودەیان لێوە گێڕاوەتە وە)... پاشان چەند فەرمودەیەکی هێناوە لە باسی (ابن صیاد)داو پاشان دەفەرموێت: (بە کورتی مانای تێدا نی‌یە کە (ابن صیاد) لە هاوەڵان حساب بکرێت، چونکە ئەگەر دەجال بێت هەرگیز بەهاوەڵ دانانرێت. چونکە بەکافری دەمرێت. ئەگەر غەیری دەجالیش بێت ئەوە کاتێك گەیشتوە بە پێغەمبەر (ﷺ) موسڵمان نەبووە).** الاصابة في تميز الصحابة ١٣٣/٣/ رقم ٦٦٠٩ **بەڵام ئەگەر دوایی موسڵمان بوبێت ئەوە تابیعیەو پێغەمبەری بینیوە وەك الذهبی دەفەرموێت.**

## حاڵی ابن صیاد/

**ابن صیاد قوڵبڕێك بووەو (کەهانەت) واتە فاڵگری کردوەو هەندێ جار ڕاست و درۆی لێ بینراوە. وەهەواڵەکەی وابڵاوبویەوە لەناو خەڵکی‌دا کە ئەمە دەجالە.**

## تاقی کردنەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆی:

**کاتێك ناوبانگی ابن صیاد بڵاوبویەوە کە گوترا ئەمە دەجالە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ویستی تاقی بکاتەوە تا ئەمەی بۆ دەرکەوێت، وە زۆر جار خۆی لێ دەشاردەوەو گوێی دەگرت تابزانێ چی دەڵێت، وە زۆر جاریش پرسیاری ئاراستە ئەکرد;**

له (ابن عمر)ەوه (ڕەزای خوایان لێ بێت) گێڕاویەتیەوه: که عومەر(ڕەزای خوای لێ بێت) له گەڵ پێغەمبەردا(ﷺ) لەگەڵ کۆمەڵێکدا بەرەو ابن صیاد دەڕۆیشتن، بینیان یاری دەکرد لەگەڵ منداڵاندا لەلای خانویەکی بەرزی نەوەی (مغاله){که تیرەیەکن له ئەنصارەکان} وەك قەڵا وابوو، لەو کاتەدا ابن صیاد نزیکی باڵغ بوونی بوو. هەستی پێ نەکرد تا پێغەمبەر(ﷺ) کێشای به دەستیدا. پاشان به ابن صیادی فەرموو: ئایا شایەتی ئەوه دەدەیت که من پێغەمبەری خودام؟ ابن صیاد تەماشای کردو ووتی: شایەتی ئەدەم که تۆ پێغەمبەری نەخوێندەوارانی. وه ابن صیادیش به پێغەمبەری ووت: ئایا تۆ شایەتی دەدەیت که من پێغەمبەری خودام؟ پێغەمبەر(ﷺ) ڕەفزی کردو فەرموی: (آمنت بالله وبرسله). واته: ئیمانم به خوداو به پێغەمبەرەکانی هەیه. فەرموی: چی دەبینیت؟ ابن صیاد وتی: ڕاستگۆیەك و درۆزنێك دێنه لام. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: شتت لێ تێکەڵاوکراوه. پاشان پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو: من شتێکم بۆ شاردویتەوه له دڵمدا چیە؟ ابن صیاد ووتی: ئەوه (الدخ)ه، {مەبەستی الدخان بوو واته دوکەڵ ئەمەش بەهۆی فاڵگریەوه زانی}. پێغەمبەر(ﷺ) فەرموی: (لاڵ به، ئیتر توانات نابێت و به زەلیلی دانیشه). عومەر(رەزای خوای لێ بێت) فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا لێم گەڕێ با بدەم له گەردنی. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەگەر ئەو بێت (واته دەجال بێت) ئەوه ناتوانیت بیکوژیت. وه ئەگەر ئەویش نەبێت ئەوا خێر نیه بۆ تۆ له کوشتنیدا. /البخاری ٣١٨/٣

وەله ڕیوایەتێکی تردا هاتووه که پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو: (چی دەبینی؟ ووتی عەرشێك دەبینیم بەسەر ئاوەوەیه. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەوه عەرشی ئیبلیس دەبینی بەسەر ئاوەوەیه. وه چیتر دەبینی؟ ووتی: دوو ڕاستگوو درۆزنێك یان دوو درۆزن و ڕاستگۆیەك دەبینم. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: سەری لێشێواوه وازی لێبێنن) مسلم١٨/٤٩-٥٠.

ابن عمر(ڕەزای خوایان لێ بێت) دەفەرموێ: پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ (ئوبەی کوڕی کەعب) دوای ئەمە چوونە لای ئەو باخە دارخورمایەی کە ابن صیادی تیایە. بەشێوەیەك ئەیویست شتێك لە ابن صیاد ببیستێ پێش ئەوەی ئەو بیبینێ، پێغەمبەر(ﷺ) بینی کەوا لەسەر فەرشێك ڕاکشاوە لەناو قوماشێکدا بوو دەنگە دەنگی لێوە دەهات. دایکی ابن صیاد پێغەمبەری(ﷺ) بینی وا لە پشت دارخورماکانەوە خۆی حەشار دەدات بە ابن صیادی ووت: ئەی (صاف) {ئەمە ناوی ابن صیاد بوو!} ئەوە محمدە (ﷺ). ئیتر ابن صیاد بەئاگا هاتەوەو هەستایە سەر پێ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەگەر دایکی وازی لێبهێنایە ابن صیاد خۆی مەعلوم دەکرد کە ئەوە یان نا). البخاری ٣/٣١٨.

أبو ذر(ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ)ناردمی بۆ لای دایکی ابن صیاد. فەرمووی: پرسیاری لێ بکە ماوەی چەند سکی پڕ بووە پێوەی؟ منیش چومە لای پرسیارم لێکرد، ئەویش ووتی: دوانزە مانگ سکم پڕبووە پێوەی. پاشان جارێکی تر ناردمیەوە بۆ لای فەرمووی: پرسیاری لێ بکە لە هاواری کاتی لە دایکبوونی؟ فەرمووی: گەڕامەوە بۆ لای پرسیارم لێکردو ئەویش وتی: قیژەیەکی کرد بە وێنەی مناڵی تەمەن مانگانە. پاشان پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو: من شتێکم لەدڵ گرتوە بۆت ئەویش ووتی: پێشی دەم و لمۆزی مەڕێکی دەموچاو لێڵە لەگەڵ دوکەڵ. فەرمووی: جا ویستی بڵێ (الدخان) دوکەڵ بەلاَم نەیتوانی ئەیوت: الدخ..الدخ). مسند احمد ١٤٨/٥ قال ابن حجر في سنده: صحيح (فتح الباری) ٣٢٥/١٣ قال الهيثمی: (رواه احمد والبزار والطبرانی في الاوسط. ورجال احمد رجال الصحيح غير الحارث بن حصيرة وهو ثقة ) مجمع الزوائد ٢/٨-٣.

کەواتە پێغەمبەر(ﷺ) تاقیکردەوە بە (الدخان) تاکو ڕاستی بۆ دەرکەوێ مەبەستیشی لەمەدا وتەی خوای گەورەیە کە دەفەرموێت: (فارتقب يوم تأتي السماء بدخان مبين) الدخان/١٠. (ابن کثیر)(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێ: ابن صیاد بۆی دەرکەوتبوو لەڕێگەی فاڵگریەوە بە زوبانی جنۆکە چونکە

جنۆکه ووشه ئەپچڕێنن له بەرئەمه بوو ووتی (الدخ) واته الدخان. بۆیه پێغەمبەر(ﷺ) زانی چیەو بۆی دەرکەوت شەیتانی تێچوەو پێی ووت لاڵ به ئیتر بەزەلیلی دانیشه./ تفسیر ابن كثير ٢٣٤/٧.

**وونبونی:**

له جابرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (فقدنا ابن صياد يوم الحَرّة)/سنن ابي داود ٤٧٦/١١.

واته: لەڕۆژی شەڕی (الحرة)دا ابن صيادمان لێ ونبوو.

وه (ابن حجر)(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەم ڕیوایەتەی بەصەحیح داناوەو ووتەی ئەوانەی بەلاواز داناوه که ئەڵێن له مەدینه مردوەو دەموو چاوی ناسراوەتەوەو نوێژی لەسەر کراوه/ انظر فتح الباري ٣٢٨/١٣

**ئایا ابن صیاد دەججالی گەورەیه؟**

ئێستا ڕوون بویەوه که پێغەمبەری خوا(ﷺ) بێدەنگبوو لەسەر ئەوەی که ابن صیاد دەججالی گەورەیه یان نا، وه وەحی بۆ نەهاتبوو لەم بارەیەوە. وه عومەریش(ڕەزای خوای لێ بێت) سوێندی دەخوارد لەلای پێغەمبەردا(ﷺ) که ابن صیاد دەججالەو ئەویش ئینکاری نەدەکردو هەندێ هاوەڵانیشی وەکو (جابر و ابن عمرو ابی ذر) سوێندیان دەخوارد که ئەوە.

له فەرموودەیەکدا له محمدی کوری منکدر فەرموویەتی: بینیم جابری کوڕی عبدالله سوێندی دەخوارد کەوا ابن صیاد دەججالە. ووتم: سویند به خوا دەخۆیت!؟ فەرمووی: من بیستومه عومەر سوێندی دەخوارد لەسەر ئەمه لەلای پێغەمبەردا(ﷺ)و ئەویش ئینکاری نەدەکرد/البخاری ٢٢٣/١٣ ومسلم ٥٢/١٨-٥٣.

وه لەنافعەوە فەرموویەتی: (وەالله گومانم نیه که مەسیحی دەججال ابن صیادە). سنن ابي داود ٤٨٣/١١ قال ابن حجر: سنده صحيح (فتح البارى) ٣٢٥/١٣.

وە لە زەیدی کوڕی وەهبەوە فەرموویەتی: ابو ذر(ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (ئەگەر دە جار سوێند بخۆم کە ابن صیاد دەججالە لەلام خۆشترە لەوەی کە یەك جار سوێند بخۆم کە ئەو نیە). رواه إمام احمد.

وە لە نافعەوە فەرموویەتی: (ابن عمر گەیشت بە ابن صائد لە ڕێگایەکی مەدینەدا قسەیەکی پێ ووت و توڕەی کرد. ئەویش ئاوسا هەتا ڕێگاکەی پڕکرد، بۆیە ابن عمر چووە لای (حفصە)و لە کاتێکدا ئەو ئەمەی پێگەیبۆوە. پێی فەرموو: خوا ڕەحمت پێبکات چیت لە ابن صیاد دەوێت؟ ئایا نەتبیستوە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: لەکاتی تووڕەبونێکیدا کە تووڕەدەبێت دەردەچێ!؟).مسلم ١٨/٥٧.

وە لەڕیوایەتێکی تردا لەنافعەوە فەرموویەتی: ابن عمر فەرموویەتی: دووجار پێی گەیشتوم. فەرمووی: جاری یەکەم پێی گەیشتم بەهەندێ لەو کەسانەم ووت کە لەگەڵمدا بوون: ئایا ئێوە قسەتان بۆ دەکرێ کە ابن صیاد دەججالە؟ ووتیان: نەوەڵا! دەفەرمووێ: ووتم: درۆت کرد. وەڵاهی هەندێ لەئێوە پێی ووتم کەوا ابن صیاد نامرێ تا لە هەمووتان زیاتر ماڵ و مناڵی دەبێ. وە ئێستا دەڵێن ئاوەهایە. فەرمووی: لەگەڵ ابن صیاد قسەمان کردو لێی جیابوومەوە. فەرمووی: جارێکی تر پێی گەیشتم بینیم چاوی ئاوسابوو بەرزبووبووەوە ووتم: چاوت کەی وای لێهاتوە؟ ووتی: نازانم. ووتم: نازانی لە کاتێکدا چاوت لەسەرتدایە؟ ووتی: ئەگەر خوا حەز بکات ئەیکاتە ناو گۆچانەکەی تۆوە. لەدوایدا زەڕاندی وەکو قایمترین زەڕەی ئەو گوێدرێژانەی کە بیستومە. هەندێ لەهاوەڵەکانم پێیان وتم: گوایە من بەگۆچانەکەم کەپێم بوو لێمداوە تا تیامدا شکاندوە، بەڵام وەڵاهی ئاگادارنیم کە لێمدابێ. ئەفەرموێ: دوایی هاتە لای حفصەی دایکی ئیمانداران و بۆی باسکرد. ئەویش فەرمووی: چیت لێی ئەوێ؟ ئایا نازانی پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: یەکەم شتێ کە خروجی پێ ئەکات تووڕەبونێکە ئەیگرێ).مسلم ١٨/٥٧-٥٨.

وابن صیاد كە ئەی بیست پێیان ئەوت دەججال زۆر ناڕەحەت دەبوو وە بەرگری دەكرد لەخۆی كە ئەو سیفاتانەی دەججالی تێدا نیەو ئەو نیە.

لەفەرموودەیەكدا لە ابی سعیدی الخدریەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (بۆ حەج یان بۆ عومرە كردن دەرچووین و ابن صیادمان لەگەڵ بوو. فەرمووی: دابەزینە شوێنێك و خەڵكی بڵاوەیان لێ كردو من و ئەو ماینەوە. ترسێكی زۆر ڕووی تێكردم لەو شتەی كە لە بارەیەوە دەیڵێن. فەرمووی: كەلوپەلەكەی هێناو لەلای كەلوپەلەكانی من داینا. ووتم: گەرماكە زۆرە ئەگەر بتبردایە ژێر ئەو دارە باشتر بوو. دەفەرمووێت: ئەویش وای كرد. فەرمووی: ڕانە مەڕێكمان بەدی كردو چوو پڕ كاسێكی گەورەی كرد لەشیر. ووتی: ابا سعید بخۆرەوە، ووتم: گەرماكە زۆر بەتینەو شیریش گەرمە. دەفەرموێت: هیچ شتێك وای لێ نەكردم كە نەیخۆمەوە جگە لەوەی كە حەزم نەدەكرد لەدەستی ئەو بیخۆمەوە- یان ووتی لەدەستی وەربگرم-. ئەویش ووتی: ابا سعید وام لێهاتوە كە پەتێك هەڵبخەم و بەدارێكدا هەڵیبواسم و پاشان خۆم بخنكێنم لە داخی ئەو شتەی پێم دەڵێن. ئەی اباسعید: هەركەسێ فەرموودەی پێغەمبەری(ﷺ) لێ شاردرابێتەوە لە ئێوەی ئەهلی ئەنصار نەشاردراوەتەوە. ئایا تۆ لە شارەزاترین كەس نیت بە فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ)؟ ئەرێ پێغەمبەر(ﷺ) نەی فەرمووە كە دەججال كافرە ئەی خۆ من موسڵمانم!؟ وە ئایا پێغەمبەر(ﷺ) نەیفەرمووە كە ئەو وەجاخی كوێرەو منداڵی نابێ، خۆم من منداڵێكم لە مەدینە بە جێهیشتوە؟ ئایا پێغەمبەر(ﷺ) نەیفەرمووە ناچێتە مەدینەو مەككەوە، ئەی خۆ من لەمەدینەوە هاتووم و بەرەو مەككە دەچم؟ ابو سعیدی الخدری ئەفەرموێ: تا وام لێهات عوزری بۆ بهێنمەوە. پاشان ابن صائد ووتی: بەڵام وەڵاهی من ئەیناسم واتە (دەججال) وە ئەزانم لەكوێ لەدایك بووەو ئێستا لەكوێیە. دەفەرمووێ: پێم ووت: لەو ڕۆژانەتدا كە ماوە خوا بەهیلاكتا بەرێ).مسلم ٥١/١٨

**وە ابن صیاد لە ڕیوایەتێکدا وتی:(...بەڵام وەڵاهی من ئەزانم ئێستا لە کوێیەو وە دایکو باوکی دەناسم. دەفەرموێت: پێی ووترا: ئایا پێتخۆشە ئەگەر تۆ ئەو بیت؟ وتی: ئەگەر ئەوەم بخرێتە بەردەم پێم ناخۆش نیە).** مسلم ٥١/١٨

**وە زانایان لێیان تێکەڵ بووە کە ئایا ابن صیاد دەججالە یان نا..... هەیە بە دەججالی ئەزانێ بەبەڵگەی سوێندی هاوەڵان لەسەر ئەمە. وە بە بەڵگەی بەسەرهاتەکەی لەگەڵ ابن عمرو ابی سعید(ڕەزای خوایان لێ بێت). وە هەیانە دەفەرموێت: ئەو نیە، بەبەڵگەی فەرموودەی (تەمیمی الداري) (ڕەزای خوای لێ بێت). جا پێش هێنانی ئەو دوو ڕایە باسی فەرموودەکەی تەمیم دەکەین بە درێژی:**

**لەعامری کوڕی شراحیلی الشعبی- شعب همران – کەوا پرسیاری کردووە لە فاطمەی کچی قەیسی خوشکی الضحاك بن قیس – کە لە کچە کۆچەرییە یەکەمیەکان بوو- فەرمووی: قسەم بۆ بکە دەربارەی فەرموودەیەك کە لە پێغەمبەری خوات(ﷺ) بیستبێت کە نەیدەیتە پاڵ کەسی ترو یەکسەر لە پێغەمبەرت(ﷺ) بیستبێ. فەرمووی: ئەگەر ئەتەوێ ئەیڵێم. پێی ووت: بەڵێ بۆم باس بکە. ئەویش باسی بەسەر هاتی تەڵاق دانی خۆی کرد لەلایەن مێردەکەیەوەو مانەوەی لە ماڵی ابن ام مکتوم (کە ئامۆزایەتی)، پاشان فەرمووی: کاتێ عیدەم بەسەرچوو گوێم لەبانگی بانگ بێژی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو هاواری کرد: (الصلاة جامعة) منیش دەرچووم بەرەو مزگەوت و نوێژم کرد لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ)، وە لە ڕیزی ئافرەتاندا بووم لەدوای ڕیزی پیاوان، کاتێ کە پێغەمبەر(ﷺ) تەواو بوو لە نوێژەکەی لەسەر مینبەر دانیشت و پێکەنی. فەرموی: هەرکەسەو لەشوێنی نوێژەکەی دانیشێو نەجوڵێ. پاشان فەرمووی: ئایا ئەزانن بۆچی کۆمکردوونەتەوە؟ ووتیان: خواو پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەزانن. فەرمووی: سوێند بەخوا من کۆم نەکردونەتەوە لەبەر خۆشی یان لەترسی شتێك، بەڵام لەبەر ئەوە کۆمکردوونەتەوە کە (تمیم**

الداری)كە پیاوێكی گاور(نصرانی) بووە هاتوەتە لام و بەیعەتی داومەتیو موسڵمان بووە. وە بەسەرهاتێكی بۆ باس كردووم كە موافیقی ئەوەیە كە من بۆم باسكردوون دەربارەی مەسیحی دەجال.

ئەو بۆی باس كردم كەوا لەگەڵ سی(٣٠) پیاو لە (لخم وجذام) سواری كەشتییەكی دەریایی بوون و شەپۆلی دەریاكە یاری پێ كردون بۆ ماوەی مانگێك، پاشان كاتی خۆر ئاوا بوون لە كەناری نیوەدوورگەیەكدا لەدەریاكەدا گیرساونەتەوە. وە لەناو كەشتیەكی بچوكی كەشتیەیە گەورەكەدا دایشتبوون و چوونە ناو دوورگەیەكەوە. لە پڕ گیانلەبەرێكی موو زۆر پێیان گەیشت كە پێش و پاشی لەتاو موو لەیەك جیا نەدەكرایەوە. ووتیان: وەیل لەتۆ بێت تۆ كێیت؟ ووتی: من جەساسەم. ووتیان: جەساسە چییە؟ ووتی: ئەی گەلینە. بچن بۆ لای ئەو پیاوەی كە لەو دەیرەدایە {كەماڵێكی بچوكە ڕاهیب عیبادەتی تیا دەكات} چونكە ئەو بۆ هەواڵی ئێوە تامەزرۆیە. فەرمووی: كاتێ باسی پیاوەكەی بۆ كردین ترساین كە شەیتان بێت. فەرمووی: بەپەلە ڕۆیشتین تا چووینە دەیرەكەوە. كاتێ بینیمان پیاوێكی ئێجگار گەورەی تێدایە كە تائێستا پیاوی وا گەورەمان نەبینیوە. وە زۆر بەسەختی بەسترا بوەوەو كۆت كرابوو، هەردوو دەستی لە ملیدا كۆكرابویەوە وە نێوان هەردوو ئەژنۆی تا قولەپێی بەئاسن كۆت كرا بوو. ووتمان: وەیل لە تۆ بێت تۆ كێیت؟ ووتی: بە هەواڵی منتان زانی پێم بڵێن ئێوە كێن؟ ووتیان: ئێمە خەڵكێكین لە عەرەب. سواری كەشتی دەریایی بوین و چوینە ناو دەریا، شەپۆلی دەریا مانگێك یاری پێكردین لەناو دەریاكەدا. پاشان لەم دوورگەیەی تۆدا بەركەنار كەوتین و لەكەشتیەكەدا سواری بەلەمە بچوكەكە بوین و هاتینە ناو دوورگەكەوەو گەیشتین بە گیانلەبەرێك گیانی هەموو موو بوو. كە پێش و پاشی لە یەك جیانەدەكرایەوە لەبەر موو زۆری. ووتمان: وەیل لە تۆ بێت تۆ كێیت؟ ووتی: من جەساسەم. ووتمان:جەساسە چیە؟ ووتی: بچن بۆ لای ئەو پیاوەی لەو

دەیرەدایە چونکە ئەو تامەزرۆیە بۆ هەواڵتان. ئێمەش بەپەلە بەرەو ڕووت هاتین و ترساین لێت و ئەمین نەبووین و ووتمان لەوانەیە شەیتان بێت.
ووتی: هەواڵم بدەنێ لەبارەی دارخورمای (بیسان)؟{شارێکە لە ئەردەن لە نێوان حوران و فلسطین دایە}وتمان: لە چی هەواڵ دەپرسیت؟ ووتی: پرسیاری دارخورماکەیتان لێ دەکەم کە ئایا بەردەگرێ؟ ووتمان پێی: بەڵێ. ووتی: بەڵام نزیکە بەرنەگرێت. ووتی: هەواڵم بدەنێ دەربارەی دەریاچەی (طبرية)؟ ووتمان: لەچ شتێکی هەواڵ دەپرسی؟ ووتی: ئایا ئاوی تیایە؟ ووتمان: زۆر ئاوی تیایە. ووتی: ئاوەکەی نزیکە کە بڕواو نەمێنێ. ووتی: هەواڵم بدەنێ دەربارەی چاووگی(زغر){کە لە کەناری دەریاچەیەکدایە لە دۆڵیکداو لە نێوان ئەوو بیت المقدس دا سێ ڕۆژە ڕێگایە لەڕووی حیجازەوەیەو لەوێدا کشتوکاڵیان هەیە} ووتیان: لە چ شتێکی هەواڵی دەپرسی؟ ووتی: ئایا لەچاوگەکەدا ئاو هەیە؟ وەئایا خەڵکەکەی لەئاوی سەرچاوەکە کشتوکاڵ دەکەن؟ ووتمان پێی: بەڵێ ئاوی زۆرە خەڵکەکەی لە ئاوەکەی کشتوکاڵ دەکەن. ووتی: هەواڵم بدەنێ لەپێغەمبەری نەخوێندەواران چی کرد؟ ووتیان: لە مەککە دەرچوەو لە یەثریب دابەزیوە. ووتی: عەرەب شەڕی لەگەڵ کرد؟ ووتمان: بەڵێ؟ ووتی: ئەی چی پێ کردن؟ هەواڵمان دایە کە سەرکەوتووە بەسەر عەرەبەکانداو ئێستا گوێرایەڵی دەکەن. پێی ووتین: ئەمە ڕویداوە؟ ووتمان: بەڵێ. ووتی: بەڵام ئەوە چاکترە بۆ ئەوان کە گوێڕاڵی بکەن. وەمنیش هەواڵی خۆمتان پێ دەدەم کە من مەسیحم. وەمن نزیکەکە ئیزنم پێ بدرێت بە دەرچوون و دەربچم و بەسەر زەوی‌دا دەگەڕێم هیچ گوندێك نایەڵم ئیلا ئەنیشمەوە لێی لە چل ڕۆژدا. جگە لەمەککەو (طيبة) لەبەر ئەوەی ئەو دووانە هەردووکیان لەسەر من حەرامە. هەر کاتێ بمەوێ بچمە یەکێکیانەوە لەو دووانە مەلائیکەتیەك بەرەو ڕووم دێت و شمشێرێکی

بەدەستەوەیە ڕێم لێ دەگرێ. وەلەسەر هەموو ڕێگایەك لە نێوان دوو كێوەكەیدا مەلائیكەتێكی لەسەرە پاسەوانی دەكەن.

فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) بەگۆچانەكەی دەیدا لە مینبەرەكەیو دەیفەرموو: (ئەمە طیبەیە. ئەمە طیبەیە. ئەمە طیبەیە. -واتە مەدینە- ئایا من ئەمەم بۆباس كردن؟ خەڵكی ووتیان: بەڵێ. بەڕاستی بەسەرهاتی تمیم سەری سوڕهێنام كەوا موافەقەتی ئەوەی كردووە كە بۆم باس كردون. وەلە بارەی مەدینەو مەككەوە بێگومان ئەو{واتە دەجال} لەدەریای شام دایە. یان لەدەریای یەمەن دایە. نەخێر لەڕووی ڕۆژهەلاتەوەیە. لەڕووی ڕۆژهەلاتەوەیە. لەڕووی ڕۆژهەلاتەوەیە. (وەبەدەستی ئیشارەتی بۆلای ڕۆژهەلات ئەكرد)، (فاطمة) فەرمووی: ئەمەم لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) لەبەركردووە/مسلم ٧٨/١٨-٨٣.

إبن حجر(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (هەندێ كەس لای وایە كە ئەمە واتە فەرمودەكەی فاطمە بنت قیس -غەریبەو بەتەنها هێناویەتی. بەڵام وانیە، چونكە لەگەڵ فاطمەدا ابوهورەیرەو عائیشەو جابر گێڕاویانەتەوە).فتح الباری ٣٢٨/١٣.

## ووتەی زانایان دەربارەی ابن صیاد.

ئەوانەی پێیان وایە دەجالی حەقیقیە(أبو عبدالله القرطربی)التذكرة ص ٧٠٣.وە ئیمامی (النووی) شرح النووی لمسلم١٨/٤٦،٤٧. وە (الشوكانی) شرح منتقى الاخبار ٢٣٠/٧،٢٣١. وە(إبن حجر)فتح الباری ٣٢٨/١٣.

وە ئەمانەش پێیان وایە دەجال نیە: (البیهقی)فتح الباری٣٢٦/١٣-٣٢٧. وە(ابن تیمیە)/الفرقان بین أولیاء الرحمن وآولیاء الشیطان ص٧٧. وة (ابن كثیر)النهایة/الفتن والملاحم٧٠/١.

ئەوەتە إختلاف هەیەو هەردولا بەڵگەیان پێیە. بۆیە (ابن حجر)(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) حەدیثەكانی ڕێخستوەو دەفەرموێت: (نزیكترین حاڵەت كە كۆی فەرموودەكەی (تمیم)و (ابن صیاد دەجالە) بكرێ ئەوەیە كە دەجال ئەوە

بوو كە تەميم بينيبوى بە بەستراوەى. وە ابن صياديش شەيتانێك بووە خۆى خستوتەوە شێوەى دەججالەوە لەو ماوەيەدا. هەتا ڕووى كردۆتەوە أصبهان و لەگەڵ هاوڕێكەىدا خۆى حەشارداوە هەتا كاتىٚ ئەوحەلە دێت كە خواى گەورە بڕيارى داوە تيايدا دەربكەوىٚ. وە لەبەر سەختى تێكەڵ بوونى ئەم باسە. ئيمامى (بوخارى) ڕێڕەوى تەرجيحى گرتوەو تەنها فەرموودەكەى جابرى لە عومەرەوە لەبارەى ابن صيادەوە هێناوەو فەرموودەى فاطمەى كچى قەيسى نەهێناوە لە بەسەرهاتى تەميم).فتح البارى ٣٢٨/١٣.

**شوێنى دەرچونى دەجال/**

لەلاى ڕۆژهەلاٚتەوەيە لەخوراسان كە ولاٚتێكى فراوانە لە ڕۆژهەلاٚتەوەو چەند شارێك لەخۆدەگرێت لەوانە: (نيسابور، هراة، مروة، بلخ) وەشارەكانى پشت ڕووبارى جەيحون/معجم البلدان٢/ ٣٥٠.

لە شارى يەهوديەى أصفهان كە لەشوێنى (جى)دايەو ئێستا پێى دەوترێت (شهرستان)و(المدينه). پاشان بەسەر زەويدا دەگەڕىٚو شارێك ناهێڵىٚ مەگەر تێى دەچىٚ جگە لە مەككەو مەدينە كە ناتوانى تێيان بچىٚ. چونكە مەلائيكەت پاسەوانى دەكات. بەبەڵگەى فەرموودەكەى تەميمى دارى كە فەرمووى: لەلاى ڕۆژهەلاٚتەوەيە.

وعن ابى بكر الصديق(رضي الله عنه)حدثنا رسول الله(صلى الله عليه وسلم) قال: (الدجال يخرج من أرض بالمشرق. يقال لها:خراسان).جامع الترمذى ٤٩٥/٦ قال الألبانى: صحيح (ص.ج.ص)١٥٠/٣(ح ٣٣٩٨)

واتە: دەججال لە زەويەكى ڕۆژهەلاٚتەوە دەردەكەوێت پێى دەوترێت خوراسان.

وعن أنس(رضي الله عنه) قال: قال رسول الله(صلى الله عليه وسلم): (يخرج الدجال من يهودية أصفهان. معه سبعون ألفا من اليهود). الفتح الربانى ترتيب مسند أحمد٧٣/٢٤ قال ابن حجر: (صحيح) فتح البارى٣٢٨/١٣.

**واتە: دەججال لە یەهودیەی أصفهان دەردەچێ. کە حەفتا هەزاری لە یەهود لەگەڵدایە.**

**ابن حجر(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێ: وە لە کوێوە دەردەکەوێ؟ لەلای ڕۆژهەڵاتەوەیە بە جەزمی)**. فتح الباری ٩١/١٣.

**وابن کثیر(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێ: سەرەتای دەرکەوتنی لە أصبهانەوەیە لە ناوچەو گەڕەکێك پێی دەوترێت الیهودیة)**.النهایة/الفتن والملاحم ١٢٨/١..

## دەججال ناچێتە مەککەو مەدینە/

**هەروەکو لەفەرمودەی فاطمةی کچی قەیس دا هاتبوو. وە دەججال ناچێتە چوار مزگەوتەکەوە:**

**لەجونادەی کوڕی أبی أمیەی الازدي فەرموویەتی: من و پیاوێکی ئەنصاری چوین بولای هاوەڵێکی پێغەمبەر(ﷺ)ووتمان: پێمان بڵێ چیت بیستوە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) دەربارەی دەججال؟ (باسی فەرمودەکەی کرد...وە فەرمووی:)....وە لەزەویدا چل بەیانی دەمێنێتەوە، وە ئەگاتە هەموو کەلێنێکی. وەنزیکی چوار مزگەوت نابێتەوە: المسجد الحرام و مزگەوتی مەدینەو مزگەوت (الطور)و مزگەوتی الاقصی)**. الفتح الربانی ٧٦/٢٤ قال الهیثمی: رواه أحمد ورجاله رجال الصحیح/مجمع الزوائد ٣٤٣/٧. وقال ابن حجر: رجاله ثقات (الفتح الباری )١٠٥/١٣.

## شوێنکەوتوانی دەججال/

**زۆربەی شوێنکەوتوانی دەججال لە یەهودو فارس و تورکەکان و تیکەڵاوی خەڵکە کە زۆربەیان لەعەرەبە دەشتەکیەکان و ئافرەتانن.**

**عن انس بن مالك(رضي الله عنه) أن رسول الله(ﷺ) قال: (یتبع الدجال من الیهود أصبهان سبعون ألفا علیهم الطیالسة)**. مسلم١٨/٨٥-٨٦. **وفي روایة للامام أحمد:**

(**سبعون الفا عليهم التيجان**).فتح الرباني ترتيب المسند ٧٣/٢٤ والحديث (صحيح) انظر فتح الباری ٢٣٨/١٣.

**واته: له یەهودی اصبهان حەفتا هەزار شوێنی دەججال دەکەون کە(تیجان) یان (تەیلەسانیان) لەسەردایە {کە لیباس و سەرپۆشی جولەکەی شوێن کەوتەی دەججالە}.**

**وەلە فەرمودەکەی ابی بکر دا دەفەرموێ: گەلانێك شوێنی دەکەون کە دەموچاویان وەکو قەڵغانی دوو چین وایە).** الترمذي.

**ابن کثیر(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ڕواڵەت -والله أعلم- وایە کە مەبەست ئەوەیە کە تورکەکان پشتگیری دەججالن.**/النهایه/الفتن والملاحم ١١٧/١.

**وە لە أبی هورەیرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت): (قیامەت هەڵناسێ هەتا شەڕ لەگەڵ خوزاو کرمان دەکەن لەعەجەمەکان...).**صحیح البخاری٦/٦٠٤.

**وەلە فەرمودە درێژەکەی أبی امامەدا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (..وە لە فیتنەکەی-واتە دەججال-ئەوەیە کە بە عەرەبێکی دەشتەکی دەڵێ: ئایا ئەگەر باوك و دایکتم زیندوکردەوە بۆت شایەتی ئەدەیت کە من خوای تۆم؟ دەڵێ: بەڵێ. شەیتان خۆی دەخاتە شێوەی باوك و دایکیو پێی دەڵێن: کوڕی خۆم! شوێنی بکەوە. ئەوە خوای تۆیە).**سنن ابن ماجه ١٣٥٩/٢-١٣٦٣.والحدیث صحیح انظر (ص.ج.ص) ٢٧٣/٦-٢٧٧ (ح٧٧٥٢ ).

**لەابن عمرەوە(ڕەزای خوایان لێ بێت) فەرمویەتی: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی: (دەججال لەم تەپۆلکەیەدا لە (مرقناة)دادەبەزێ {کە دۆڵێکە لە مەدینە، لەطائیفەوە دێت و بەلای ڕێگاکانی گۆڕستانی شەهیدانی ئوحددا دەڕوات} زۆربەی ئەوانەی دەردەچن بۆی ئافرەتانن، هەتا پیاو دەگەڕێتەوە بۆ لای خۆشەویستان و دایك و کچ و خوشك و پوریو باش دەیانبەستێتەوە لە ترسی ئەوەی نەوەکو بچن بۆ لای دەججال).**مسند احمد ١٩٠/٧ (ح٥٣٥٣) تحقیق احمد شاکر وقال: اسناده صحیح.

## فیتنەو ئاشوبەی دەجال/

دەجال بەهەشت(باخ)و ئاگری پێیەو لەڕاستیدا ئاگرەکەی بەهەشت و بەهەشتەکەی ئاگرە. وە ڕووباری ئاوو شاخی نانی پێیە. فەرمان بەئاسمان دەکات-بە ویستی خوای گەورە- دەبارێو فەرمان دەدات زەوی دەڕوێت و ئاڵتونی زەوی شوێنی دەکەوێت، وە بە خێرایی دەڕوات هەروەکو باران بە باوە...هتد.

لەحوزەیفەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) فەمویەتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمویەتی: (دەجال چاوی چەپی کوێرە. قژی زۆرەو باخێك و ئاگری پێیە. ئاگرەکەکەی باخەو باخەکەکەی ئاگرە).مسلم ١٨/٦٠-٦١.

وە لەحوزەیفەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمویەتی: (من لە دەجال باشتر دەزانم چی پێیە. دوو ڕووباری لەگەڵە دەڕۆن. یەکێکیان بە چاو دیارە ئاوێکی سپیە. وە ئەوی تریان بەچاو وا دیارە کە ئاگرێکە بڵێسە دەدات. ئەگەر یەکێك لە ئێوە پێی گەیشت بابچێتە ئەو ڕووبارەوە کە بەئاگر دەیبینێو چاوی بنوقینێ پاشان سەری دابنەوێنێ وەلێی بخواتەوە چونکە ئەوە ئاوێکی ساردە).مسلم ١٨/٦١.

وە لە فەرموودەی نەواسی کوڕی سەمعاندا(ڕەزای خوای لێ بێت) لەباسی دەجالدا کە هاوەڵان وتیان: (ئەی ڕەسولی خوا: چەند لە زەویدا دەمێنێتەوە؟ فەرمووی: چل ڕۆژ، ڕۆژێکی وەکو ساڵێك و ڕۆژێکی وەك مانگێك و ڕۆژێکی وەك هەفتەیەك و ڕۆژەکانی تر وەك ڕۆژەکانتانن. فەرموویان: ئەی خێرایی لە زەویدا چۆنە؟ فەرمووی: وەك باران کە بەباوە بێت. دێتە لای گەلێك و بانگیان دەکات و ئیمانی پێدەهێنن و وەڵامی دەدەنەوە. فەرمان بەئاسمان دەکات و دەبارێو بەزەوی دەڕوێ. وە ڕانە مەڕەکەیان بەلایان دا دێت و بەتەواوی پشت و شاخی درێژو گوانەکانیان بەتەواوی ئاوساوە لەپڕی شیردا. وەشان و وورگیان ئاوساوە لە تێریدا، پاشان دێت بولای گەلێك و بانگیان دەکات و

ئەوانیش قسەکەکەی دەدەنەوە بەسەرو چاوی‌داو لەلایان لادەچیٚ، کە بەیانی دەکەنەوە تەواو دەست بەتاڵ دەبن و هیچ لەماڵیان بەدەستەوە نەماوە. بە لای کاولەیەکدا دەڕوات و پێی دەڵیٚ: گەوهەرەکانت دەربکە. گەوهەرەکان شوێنی دەکەون هەر وەکو چۆن هەنگ پۆل پۆل شوێن سەرکردەکەیان دەکەون. پاشان بانگی پیاوێکی چوارشانەی گەنج دەکات و بەشمشێر لیٚی دەدات ودەیکات بە دووبەشەوە هەربەشەی ئەندازەی تیرێك دوور دەکەوێتەوەو دەپەڕێت، پاشان بانگی دەکاتەوە. ئەویش ڕووی تێدەکات و ڕووی دەگەشێتەوەو پێدەکەنیت). مسلم ١٨/٦٥-٦٦.

## کوشتن و زیندوو کردنەوەی کوڕێکی گەنج/

پێشەوا (مسلم) ڕیوایەتی کردوە: (گەنجێك بەرەو دەججال دەڕوات، پاسەوانەکانی لیٚی دەپرسن بۆ کویٚ دەچیت؟ دەڵێت: دەچم بۆ لای ئەوەی سەری هەڵداوە. دەڵێن: باوەڕ بە خوداکەمان ناهێنیت؟ دەڵێت: نەخێر. دەڵێن: بیکوژن، پاشان دەڵێن بابیبەین بۆ لای خۆی. کاتێك باوەڕدارەکە دەججال دەبینێت دەڵێت. ئەی خەڵکینە ئەمە مەسیحی دەججالە کە پێغەمبەر(ﷺ) باسی کردوە. دەججال فەرمان دەکات بە ڕاکێشانی‌و لێدانی لە پشت و سکی، پاشان دەڵێت: بڕوام پێناهێنیت؟ دەفەرموێت: تۆ مەسیحی درۆزنیت. پاشان فەرمان دەدات کە بە مشار لە تەوقی سەریەوە هەتا بەری پێی بیکەن بەدوو بەشەوە. پاشان پێی دەڵێت: هەستە، ئەویش چاك دەبێتەوە و هەڵدەستێت، ئینجا دەڵێت: بڕوام پێدەهێنیت؟ گەنجەکە دەفەرموێت: زیاتر درۆی تۆم بۆ ئاشکرا بوو، ئەی خەڵکینە ئیتر لەدوای من هیچ لە کەسی تر ناکات. دەججال دەیگرێت تا سەری ببڕێت. ملی دەبێتە مس و ناتوانێت سەری ببڕێت. پاشان دەست و قاچی گەنجەکە دەگرێت. خەڵکی وادەزانن فڕێی دەداتە ئاگرەکەوە

کەچی فرێی دەداتە بەهەشتەکەوە. پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ئەمە گەورەترین شەهیدی‌یە لەلای پەروەدگار).(ج٤ص٢٢٥٦رقم ٢٩٣٨).

وە لە ابی سعیدەوە(ڕەزای خوای لێ بێت): کەوا دەججال کابرایەك لەچاکترینی خەڵکی دەکوژێت کە لەمەدینەوە بەرەو پیری دەججال دەردەچێو بەدەججال دەڵێ: شایەتی دەدەم تۆ ئەو دەججالەی کە پێغەمبەر(ﷺ) بۆی باس کردووین. دەججال دەڵێ: ئایا خەڵکینە ئەگەر ئەمە بکوژم و زیندووی بکەمەوە گومانتان دەمێنێ؟ دەڵێن: نەخێر. دەیکوژێو پاشان زیندوی دەکاتەوە. پیاوەکە دەڵێ: سوێند بەخوای گەورە ئەمڕۆ زیاتر لە تۆ حاڵی بووم{کە درۆزنی}. دەججال ئەیەوێ بیکوژی بەڵام دەسەڵاتی بەسەردا نابێ).
البخاری ١٣/١٠١.

هەندێ کەس ڕەددی دەججال دەکەنەوەو پێیان وایە ڕەمزی خورافاتە. لەوانە (شێخ محمد عبده وە شێخ أبو عبية). پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ: (إنه سيكون من بعدكم قوم يكذبون بالرجم وبالدجال وبالشفاعة وبعذاب القبر. وبقوم يخرجون من النار بعد مالمتحشوا).مسند احمد ٢٢٣/١(ح ١٥٧)تحقيق احمد شاكر وقال: اسنادة صحيح

واتە: دوای ئێوە گەلێك پەیدا دەبن رەجم و دەججال و شەفاعەت و سزای گۆڕ بەدرۆ دەخەنەوە. هەروەها ئەوەش بەدرۆ دەخەنەوە کەوا کۆمەلێك لەناو ئاگر دەردەهێنرێنەوە دەرەوە دوای ئەوەی کەوا سوتێنراون.

## ڕێگاکانی خۆپاراستن لە فیتنەی دەججال/

١.دەستگرتن بە ئیسلام و خۆ پڕچەککردن بەچەکی ئیمان و زانینی ناوو سیفاتەکانی خوای گەورە کە کەس بەشدار نی‌یە تیایدا. وەبزانێ دەججال مرۆڤێکەو ئەخواو ئەخواتەوەو کوێرەو خوای پەروەردگار کوێر نیەو کەس خوای گەورە نابینێ هەتا دەمرێ.

٢- پەناگرتن لەفیتنەی دەججال بەتایبەت لەنوێژدا. لە أبی هورەیرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمویەتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمووێ: (ئەگەر یەکێك لەئێوە تەحیاتی خوێند باپەنا بگرێ بەخوا لە چوار شت و بڵێ: (أللهم إني أعوذ بك من عذاب جهنم، ومن عذاب القبر، ومن فتنة المحيا والممات، ومن شر فتنة المسيح الدجال).مسلم ٥/٨٧.

٣.لەبەرکردنی ئایەتەکانی سورەتی (الكهف). وە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کردوە بەخوێندنی سەرەتای سورەتی (الكهف) بەسەر دەججالداو لە هەندێ ڕیوایەتدا کۆتایی سورەتی (الكهف) هاتووە. ئەویش بەخوێندنی (دە) ئایەتی لە سەرەتای یان کۆتایییەکەیەوە وەك دەفەرموێ: (من أدركه فليقرأ عليه فواتح سورة الكهف).مسلم١٨/٦٥.

عن ابى الدرداء(رضي الله عنه) أن النبي(ﷺ) قال: (من حفظ عشر آيات من أول سورة الكهف عصم من الدجال)أي من فتنته، قال مسلم: (قال شعبة: من آخر الكهف. وقال همام: من أول الكهف).مسلم ٦/٩٢-٩٣.

وە لە هەینیدا بیخوێنە. عن ابى سعيدى الخدري(رضي الله عنه) ان النبي(ﷺ)قال: (إن من قرأ سورة الكهف يوم الجمعة أضاء له من نور ما بين الجمعتين).مستدرك الحاكم ٢/٣٦٨. وقال هذا حديث صحيح الاسناد ولم يخر جاه. وقال الذهبى: (نعيم-أي :ابن حماد - ذو مناكير). وقال الألبانى: (صحيح) (ص.ج.ص) ٥/٣٤٠(ح٦٣٤٦).

واتە: هەرکەسێ ڕۆژی هەینی سورەتی (الكهف) بخوێنێ نورێکی بۆ دادەگیرسێ لەنێوان ئەو جومعەیەو جومعەی داهاتودا.

٤-ڕاکردن لە دەست دەججال و دوورکەوتنەوە لێی. وەباش وایە بچیت بۆ مەککەو مەدینە.

لە (ابي الدهماء)ەوە فەرموویەتی: گوێم لە عمران بن حصين بووە باسی کردووە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمویەتی: (هەرکەسێ بیستی دەججال هاتووە با دووربکەوێتەوە لێی. سوێند بەخوا پیاو هەیە بەرەو پیری

دەچێت و خۆی بە ئیماندار دەزانیٚ، کەچی شوێنی دەکەویٚ لەبەر ئەو هەموو گوومانەی بۆی دروست دەبێت.....). فتح الرباني ٧٤/٢٤. وسنن ابي داود٢٤٢/١١. ومستدرك الحاكم٥٣١/٤. قال الحاكم: هذا حديث صحيح الاسناد على شرط مسلم ولم يخرجاه، وسكت عنه الذهبي. والحديث صححه الالبانى انظر (ص.ج.ص) ٣٠٣/٥(ح٦١٧٧)

## فەوتان و لەناوچوونی دەججال/

ئەویش لەسەر دەستی عیسا پێغەمبەر(علیه السلام) لەناودەچیٚ، دوای دەرکەوتنی دەججال و زۆربوونی شوێن کەوتوانیو گەورەیی فیتنەکەی کە کەمێك نەبێت لە ئیمانداران دەربازیان نابێت. لەو کاتەدا عیسا(علیه السلام) لەمنارەی ڕۆژهەلاٚت لە دیمەشق دادەبەزیٚو ئیمانداران کۆدەبنەوە لێیو دەیانبات بەرەو دەججال. جا کە دادەبەزیٚ دەججال دەچیٚ بەرەو بیت المقدس. عیسا(علیه السلام) شوێنی دەکەویٚو لە لای (باب لد) کە شارێکە لە فلسطین نزیك بیت المقدس ڕووئەکاتە دەججال، دەججالیش کە عیسا(علیه السلام)دەبینیٚ یەکسەر دەتوێتەوە وەکو خویٚ. عیسا پێغەمبەر(علیه السلام)پێی دەلیٚ: (بۆ من هەیە لە تۆدا کە یەك لێدان لێتی بدەم و دەربازت نابیٚ). وە دەیگریٚو بەحەربەکەی دەیکوژیٚو شوێنکەوتوانی دەبەزن و ئیمانداران دەیان گرن و دەیان کوژن. بەجۆریٚ دارو بەرد هاوار دەکات: (ئەی موسلٚمان، ئەی بەندەی خوا، ئەمە جولەکەیە لەپشتمەوە وەرە بیکوژە) جگە لەداری (غەرقەد) چونکە ئەوە داری جولەکەیە.

لەعبداللە ی کوری عومەرەوە(ڕەزای خوایان لیٚ بێت) فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ)فەرموویەتی: (دەججال لەئومەتەکەمدا دەردەچیٚ. ....(باسی کردوەو تیایەتی:..) وە خوای گەورە عیسای کوڕی مەریەم دەنێریٚ کە لە شێوەدا وەکو عروە بن مسعود- وایە شوێنیٚ دەکەویٚو لەناوی دەبا).مسلم ٧٥/١٨- ٧٦.

**عن مجمع بن جارية الانصاري(رضي الله عنه) يقول: سمعت رسول الله(صلى الله عليه وسلم) يقول: (يقتل ابن مريم الدجال بباب لد)**.فتح الرباني ترتيب مسند أحمد٨٣/٢٤ والترمذي٥١٣/٦-٥١٤.

**واته: عيسا(عليه السلام) دەججال دەكوژێ لە(باب لد).**

**وەلە فەرموودە درێژەكەی نەواسدا هاتووە: (....وەباسی دابەزینی عیسا(علیه السلام) وكوشتنی دەججال دەكات و ووتەی پێغەمبەری(صلى الله عليه وسلم) تیدایە كە دەفەرموێت: (...بۆ هیچ كافرێك نیيە كە بۆنی هەناسەی عیسا(علیه السلام) دەكات ئیلا دەمرێ. وە هەناسەی عیسا(علیه السلام) تاچاوی بڕبكات دەڕوات، وە ڕاوی دەنێ هەتا لە باب لد دەیگرێو دەیكوژێ)**.مسلم٦٧/١٨-٦٨.

**وە لە جابری كوڕی عبدالله(ڕەزای خوای لێ بێت)وە فەرموویەتی: پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)فەرمویەتی: (دەججال دەردەچێ لە كاتی ئالۆزی دین و پشت هەڵكردنی زانستدا......)(..فەرمودەكەی باس كرد..وە تیایەتی:...)پاشان عیسای كوڕی مەریەم(علیه السلام) دادەبەزێ لەكاتی پارشێودا، جاڕ دەداو ئەفەرموێ: چی بەربەستە لە ڕێتان كە دەربچن بۆ درۆزنی پیس؟ ئەڵێن: ئەوە پیاوێكی جنوكەیە، وە دەردەچن كە تەماشا دەكەن عیسای كوڕی مەریەمە(علیه السلام). وەقامەتی نوێژ دەكرێو پێی ئەڵێن: پێش بكەوە ئەی روح الله! ئەفەرموێ: با ئیمامەكەتان پێش بكەوێو نوێژتان بۆ بكات. لەدوای نوێژی بەیانی دەردەچن بۆی. فەرمووی: كاتێ دەججالی درۆزن عیسا(علیه السلام)دەبینێ دەتوێتەوە هەروەكو چۆن خوێ لەئاودا دەتوێتەوە. وەعیساش(علیه السلام) بەرەو پیری دەڕواو دەیكوژێ. هەتا داروبەرد هاوار دەكات. ئەی روح الله! ئەمە جولەكەیەكە، یەك كەس لەوانەی شوێنی كەوتون نایهێڵێو ئەیكوژێ)**.فتح الباری، ترتیب مسند احمد ٨٥/٢٤-٨٦.قال الهیثمی: رواه احمد باسنادین رجال احدهما رجال الصحیح(انظر مجمع الزوائد)٣٤٤/٧.

**بە كوژرانی دەججال كۆتایی بە فیتنەی گەورە دێت و خوای گەورە موسڵمانەكان رزگار دەكات. ولله الحمد والمنة.**

# دووەم: دابەزینی عیسا پێغەمبەر(علیە السلام)

**سیفەتەکانی/**

**پیاوێکی چوار شانەیە، نەدرێژەو نە کورتە، سوورکارێکی موو لولە. سنگی بەرزە، قژی درێژە، وەك ئەوە وایە کە لە حەمام دەرچووبێ. قژی زۆرە بەناو هەردوو شانیدا بڵاوی کردۆتەوە.**

**لە ابی هورەیرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمویەتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمویەتی: (ئەو شەوەی شەوڕەویم پێکرا گەیشتم بە موسا........(وەسفی کرد تا فەرمووی:...) وە گەیشتم بە عیسا.....(وەسفی کرد تا فەرمووی:...) چوارشانەیەکی سوور بوو وەك ئەوە وابوو کە لە دیماس دەرچووبێ واتە (حمام).**/البخاری ٤٧٦/٦ ومسلم ٢٣٢/٢.

**وعن ابن عباس(رضي الله عنه) قال: قال رسول الله(ﷺ): (رأیت عیسا وموسا وإبراهیم. فأما عیسی فأحمر جعد عریض الصدر)**.البخاری ٤٧٧/٦.

**واتە: عیساو موسی و ابراهیمم بینی بەڵام عیسا سوورێکی موو لولی سنگ بەرز بوو.**

**وەلە أبی هورەیرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمویەتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمویەتی: (......وەعیسای کوڕی مەریەم وەستا بوو نوێژی دەکرد، نزیکترین کەس لەو بچێ عوروەی کوڕی مسعودی الثقفي یە).** مسلم٢/٢٣٧-٢٣٨.

**لە عبدالله ی کوڕی عومەرەوە(ڕەزای خوایان لێ بێت) پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (شەوێك لەخەومدا لەلای کەعبەدا بووم، پیاوێکی ئەسمەرم بینی لە چاکترین ئەسمەرێکی پیاوان کە تۆ بینیبێتت. زیادە قژی درێژی هەبوو لەچاکترین قژێ کە تۆ بینیبێتت. وەبەری دابووەو ئاوی لێدەتکا. شانی دادابو لەسەر دووپیاو یان بەسەر شانی دوو پیاوداو بەدەوری کەعبەدا دەسوڕایەوە. پرسیارم کرد ئەمە کێیە؟ ووتیان: ئەمە عیسای کوڕی مەریەمە)**.البخاری ٤٧٧/٦. ومسلم٢/٢٣٣،

وه له ڕیوایەتێکی بوخاریدا له ابن عمرەوه فەرمووی: (لا والله. ماقال النبی (ﷺ)لعیسی أحمر. ولکن قال:....وەفەرمودەکەی بەتەواوی وەکو ڕیوایەتەکەی پێشو باس کرد). البخاری ٦/٤٧٧.

واته: نەخێر سوێند بەخوا پێغەمبەر(ﷺ) نەی فەرمووه دەربارەی عیسا کەوا سووره. بەڵام فەرموویەتی.....تا کۆتایی فەرموودەکه وەك ئەوەی پێشوو که باس له ئەسمەری دەکات.

وه له ڕیوایەتێکی مسلم دا له ابن عمرەوه: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (پیاوێکی ئەسمەرم بینی......(تا فەرمووی):...قژی بەردابویەوه). مسلم ٢/٢٣٦.

وەهاوتایی(التوافق) لەنێوان ئەم ڕیوایەتانەدا که له هەندێکیدا به سوورو لەهەندێکیدا به ئەسمەر ناوی بردوه یان به قژ بەردراوەیو به قژ لوول ئەوەیه که: ئەگونجێ ئەسمەرێکی کاڵ ڕەنگ بێت. /الاشاعة ص١٤٣.

وەانکاری ابن عمر لەوەی که عیسا پێغەمبەر(علیه السلام) سوور نیه موخالەفەی ئەوەیه که غەیری ئەو لەبەریان کردوه. چونکه (ابو هورەیرەو ابن عباس)به سوور لەبەریان کردووه. وه ئەوەی لەڕیوایەتێکدا قژ نەرم و بەرداوەو له یەکێکی تردا لوله. وه لولیش پێچەوانەی نەرمه. ئەگونجی وا کۆبکرێتەوه که: قژو مووی سەری نەرمەو توکی لەشی لوله..../انظر فتح الباري ٦/٤٨٦.

## سیفەتی دابەزینی پێغەمبەر عیسا( علیه السلام )/

لەدوای دەرکەوتنی دەججال و فەسادنانەوەی لەزەویدا خوای گەوره عیسا پێغەمبەر(علیه السلام) دەنێریێو له (منارة البیضاء) له ڕۆژهەڵاتی دیمەشقی شام دایدەبەزێنیێ. که دوو کراسی ڕەنگ کراو به (وَرس) پاشان به (زعفران)ی لەبەردایه. وه هەردوو دەستی لەسەر باڵی دوو مەلائیکەت داناوه. کاتێ سەری دەجولێنێ ئاوی لێ ئەتکێ، وه که بەرزی دەکاتەوه وەکو مرواری لێبباریێ وایه. وەهیچ کافرێك نیه که بۆنی هەناسەی دەکات ئیلا دەمرێ. وه

هەناسەیشی تا ئەو شوێنە دەگات کە چاوی دەیبینیٚ. وە دائەبەزێت بۆ لای کۆمەڵی سەرخراو(طائفة المنصورة) کە لەسەر حەق دەجەنگن و کۆبونەتەوە بۆ شەڕی دەججال. وە لە کاتی قامەتی نوێژدا ئیمامەکە کە (محمدی مەهدی)یە پێی دەفەرموێت: پێش بکەوە ئەی روح الله! ئیمامەتیەکەمان بۆ بکە، ئەویش دەفەرموێت: تۆ پێش بکەوە چونکە قامەتت بۆ کراوە. یان هەندێکتان بۆ هەندێکتان ئەمیرن. پاشان نوێژ لەدوای ئەو کۆمەڵەوە دەکات. لەبەر ڕێزلێنانی خوایی لەم ئوممەتە.

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمووێ: (کاتیٚ کە خوای گەورە عیسای کوڕی مەریەم(علیه السلام) دەنێریٚ. لە لای منارەی سپی ڕۆژهەڵاتی دیمەشق دادەبەزیٚ لە دوو پۆشاکدایە. کە دەستی لەسەر باڵی دوو مەلائیکەت داناوە. کە سەر دائەنەوێنیٚ ئاوی لیٚ ئەتکیٚو کە بەرزی دەکاتەوە وەك مرواری لێبباریٚ. بۆ هیچ کافرێك نیە کە بۆنی هەناسەی دەکات ئیلا دەمریٚو هەناسەکەشی ئەندازەی بینینی چاوی دەڕوا. شوێنی دەکەویٚ. -واتە شوێنی دەججال- هەتا لە (باب لد) دەیگریٚو دەیکوژیٚ. پاشان عیسای کوڕی مەریەم دێتە لای گەلێك کە خوای گەورە لەدەججال پاراستونی. دەموو چاویان مەسح دەکات و باسی پلەو پایەیان بۆدەکات لە بەهەشت).مسلم ١٨/٦٧-٦٧.

**بەڵگە لەسەر دابەزینی/**

**أ.لە قورئان دا:**

١. **خوای گەورە دەفەرمویّت:** ﴿وَلَمَّا ضُرِبَ ٱبۡنُ مَرۡيَمَ مَثَلًا إِذَا قَوۡمُكَ مِنۡهُ يَصِدُّونَ ۝٥٧ وَقَالُوٓاْ ءَأَٰلِهَتُنَا خَيۡرٌ أَمۡ هُوَۚ مَا ضَرَبُوهُ لَكَ إِلَّا جَدَلَۢاۚ بَلۡ هُمۡ قَوۡمٌ خَصِمُونَ ۝٥٨ إِنۡ هُوَ إِلَّا عَبۡدٌ أَنۡعَمۡنَا عَلَيۡهِ وَجَعَلۡنَٰهُ مَثَلًا لِّبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ۝٥٩ وَلَوۡ نَشَآءُ لَجَعَلۡنَا مِنكُم مَّلَٰٓئِكَةً فِي ٱلۡأَرۡضِ يَخۡلُفُونَ ۝٦٠ وَإِنَّهُۥ لَعِلۡمٌ لِّلسَّاعَةِ فَلَا تَمۡتَرُنَّ بِهَا وَٱتَّبِعُونِۚ هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسۡتَقِيمٌ ۝٦١﴾ **الزخرف ٥٧-٦١.**

**واتە: كاتێكیش باسی كوڕەكەی مەریەم_عیسا_ بەنموونە هێنرابێتەوە، دەستبەجیٚ قەوم و هۆزەكەی تۆ ملەجەڕێیان كردووە و سەریان باداوە و تەسلیمی حەق نەبوون (بە باسكردنی سەغڵەت بوون)…. وتویانە ئایا پەرستراوەكانی ئێمە شایانی پەرستنن یان ئەو؟! واتە_عیسا_، ئەو نموونانەیان بۆ تۆ نەدەهێنایەوە، تەنها بۆ موجادەلە نەبێت، (وەنەبێت بەشوێن حەق و ڕاستیدا بگەڕێن)، بەڵكو ئەوانە كەسانێكن هەمیشە حەز بە دوژمنایەتی و ئاژاوە و ململانێی بیٚ سەروبن دەكەن. ئەو عیسایە تەنها بەندەیەكی ئێمە بوو كە نازو نیعمەتی پێغەمبەرایەتیمان پێبەخشی و كردمانە نموونەیەكی چاك بۆ نەوەی ئیسرائیل تا شوێنی بكەون. ئەگەر بمانویستایە ئێوەمان دەكردە فریشتە ولە زەویدا نیشتەجێمان دەكردن و هەموو فەرمانبەردار دەبوون. بەڕاستی لە دایكبوونی عیسا، بەبیٚ باوك، بەڵگەیە لەسەر قیامەت، كەواتە بەگومان مەبن لێی و باوەڕی پێبهێنن و پێیان بڵیٚ: هەر پەیڕەوی لە زاتی من بكەن، هەر ئەوەشە ڕێگەی ڕاست و دروست.**

**جا ووتەی خوای گەورە:** (..وَإِنَّهُۥ لَعِلۡمٌ لِّلسَّاعَةِ ..) **واتە: دابەزینی عیسا پێش ڕۆژی دوایی بەڵگەیە لەسەر نزیکی قیامەت.. وەخوێندنەوەکەی تری (وانە لعَلَم للساعة) بە فەتحەی سەر(عەین ولام)، بەڵگەیە لەسەر ئەمە کە ئەم خوێندنەوەیە لە ابن عباس و مجاهدو غەیری ئەمان لەپێشەوایانی تەفسیر ڕیوایەت کراوە.**/تفسير القرطبى ١٦/٧٠٥. وانظر تفسير الطبري ٢٥/٩٠-٩١.

**ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە بەسەنەدی خۆی بۆ لای ابن عباس(ڕەزای خوای لێ بێت) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا: (وانه لعلم للساعة) فەرموویەتی: (هو خروج عيسى بن مريم(عليه السلام) قبل يوم القيامة).** مسند احمد ٤/٣٢٩ (ح٢٩٢١) تحقيق احمد شاكر وقال: اسناده صحيح.

**واتە: ئەوە دەرچوونی عیسایە(علیه السلام)پێش ڕۆژی دوایی.**

**٢.خوای گەورە دەفەرمووێ:** (وَقَوۡلِهِمۡ إِنَّا قَتَلۡنَا ٱلۡمَسِيحَ عِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ رَسُولَ ٱللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَٰكِن شُبِّهَ لَهُمۡۚ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ ٱخۡتَلَفُواْ فِيهِ لَفِي شَكّٖ مِّنۡهُۚ مَا لَهُم بِهِۦ مِنۡ عِلۡمٍ إِلَّا ٱتِّبَاعَ ٱلظَّنِّۚ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينَۢا ﴿١٥٧﴾ بَل رَّفَعَهُ ٱللَّهُ إِلَيۡهِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمٗا ﴿١٥٨﴾ وَإِن مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ إِلَّا لَيُؤۡمِنَنَّ بِهِۦ قَبۡلَ مَوۡتِهِۦۖ وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يَكُونُ عَلَيۡهِمۡ شَهِيدٗا ﴿١٥٩﴾ )النساء ١٥٧-١٥٩.

**واتە: بەهۆی ئەو قسەیەشیان کە دەیانوت بە ڕاستی ئێمە مەسیح پێغەمبەری خوا عیسای کوڕی مەریەممان کوشتووە، کەچی لەڕاستیدا نەکوشتوویانەو نە لە قەنارەو خاچیانداو، بەڵکو لێیان تێکچووە و (کەسێکی تریان کوشتووە لە بری ئەو)، بەڕاستی ئەوانەی کە بیرو بۆچوونی جیاوازیان لەو کێشەیەدا هەیە، خۆشیان لە گوماندان تیایدا و ئەوانە هیچ زانستیەکی ڕاستیان نیە لەو بارەیەوە، جگە لە شوێنکەوتنی گومان نەبێت و بەدڵنیاییەوە (دەڵێین) کە**

**نەیانکوشتووەو بۆیان نەکوژراوە. نەخێر، بەڵکو خوا بەرزی کردەوە بۆ لای خۆی، خوا هەمیشەو بەردەوام باڵادەست و دانایە. هیچ کەسێك نیە لە خاوەنانی کتێب، کە باوەڕ نەهێنێت بە عیسا پێش ئەوەی گیانی دەربچێت، بەڵکو سوێند بەخوا هەر باوەڕ دەهێنێت پێی لە پێش مردنیدا (لە سەرەمەرگدا پەردە لەسەر چاویان لادەدرێت و گەلێك ڕاستی دەردەکەوێت بۆیان، یاخود کاتێك عیسا دادەبەزێت گاورو جووەکانی ئەو کاتە باوەڕی دروستی پێدەهێنن) و لە ڕۆژی قیامەتیشدا شایەتە بەسەریانەوە (کە ئەوانەی گومڕا بوون، خۆیان گومڕا بوون و ئەم کاتی خۆی هەر ڕێگەی ڕاستی نیشانداون).**

**ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە جولەکە عیسا پێغەمبەریان(علیە السلام) نەکوشتوەو خاچیان نەکردوە بەڵکو خوای گەورە بەرزی کردۆتەوە وەك دەفەرمووێ:** ﴿إِذۡ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَىٰٓ إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَجَاعِلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوكَ فَوۡقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِۖ ثُمَّ إِلَيَّ مَرۡجِعُكُمۡ فَأَحۡكُمُ بَيۡنَكُمۡ فِيمَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ ٥٥﴾ **ال عمران /٥٥.**

**واتە: (بەیادیان بهێنە) کاتێك خوا فەرمووی: ئەی عیسا من (بەشێوەیەکی ئاسایی) تۆ دەمرێنم پاشان تۆ پایەدارو بڵند دەکەمەوە لای خۆم، لە دەستی ناپاکی ئەوانەی کەبێ باوەڕن ڕزگارت دەکەم و پاك ڕاتدەگرم و بەرزیی و بڵندیی دەبەخشم بەوانەی کە شوێنکەوتەی تۆن بەسەر کافراندا هەتا ڕۆژی قیامەت، لەوەودواش گەڕانەوەتان هەر بۆلای منە، ئەوسا دادوەریی و فەرمانڕەوایی دادپەروەرانە دەکەم لە نێوانتاندا لەو شتانەدا کە کێشەتان لەسەری هەبووە و ڕاتان دەربارەی جیاواز بووە.**

**وە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەهلی کتاب هەیانە ئیمانی پێ دەهێنێ لە قیامەتدا پێش مردنی. وەئایەتی** (....إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ..) **مەبەستی مردنی نیەو مەبەستی هەڵکێشانەوەیە بە ڕۆح و لاشە..**

**ب.بەڵگە لە فەموودەدا:**

**١. عن ابي هريرة(رضي الله عنه) قال: قال رسول الله(صلى الله عليه وسلم): (والذى نفسي بيده ليوشكن أن ينزل فيكم ابن مريم حكما عدلا، فيكسر الصليب، ويقتل الخنزير ويضع الحرب ويفيض المال حتى لايقبله أحد. حتى تكون السجدة الواحدة خيرا من الدنيا وما فيها) ثم يقول أبي هريرة: اقرؤا إن شئتم:** ﴿وَإِن مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ إِلَّا لَيُؤۡمِنَنَّ بِهِۦ قَبۡلَ مَوۡتِهِۦۖ وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يَكُونُ عَلَيۡهِمۡ شَهِيدٗا ١٥٩﴾ **النساء/١٥٩).**

**البخاري٦/ ٤٩٠-٤٩١ ومسلم ٢/١٨٩-١٩١.**

**واتە: سوێند بەو خوایەی نەفسی منی بەدەستە. نزیکە عیسای کوڕی مەریەم دابەزێت بۆ ناوتان بە حوکمێکی دادپەروەرانە، وەخاچ دەشکێنێو بەراز دەکوژێو شەڕ هەڵدەگرێ و ماڵ زۆر دەبێ بە جۆرێك کەس وەری ناگرێ. هەتا یەك کوڕنوش خێرتر دەبێ لە دونیاو چی تیایە. پاشان أبو هورەیرە فەرمووی: ئەگەر حەز دەکەن ئەو ئایەتە بخوێننەوە (وان من اهل. ....) النساء/١٥٩.**

**٢.عن ابي هريرة(رضي الله عنه) قال: سمعت رسول الله(صلى الله عليه وسلم) يقول: (كيف أنتم إذا أنزل ابن مريم فيكم وإمامكم منكم).البخارى٦/٤٩١ ومسلم ٢/١٩٣.**

**واتە: ئێوە حاڵتان چۆن بێت کاتێ إبن مریم دادەبەزێتە ناوتان و لەو کاتەدا ئیمامەکەتان لە خۆتانە.**

**٣.عن جابر(رضي الله عنه) قال: سمعت النبى(صلى الله عليه وسلم) يقول: (لاتزال طائفة من أمتى يقاتلون على الحق. ظاهرين الى اليوم القيامة. قال: فينزل عيسى بن مريم(عليه**

السلام) فيقول أميرهم: صل لنا. فيقول: لا، إن بعضكم على بعض أمراء. تكرمة الله هذه الامة). مسلم٢/١٩٣-١٩٤.

واتە: بەردەوام کۆمەڵێك لە ئوممەتەکەم دەجەنگن لەسەر حەقن و سەرخراون تا ڕۆژی دوایی. وەعیسا دادەبەزێ‌و ئەمیرەکەیان دەڵێ: بەرنوێژیمان بۆ بکە، عیساش(علیە السلام)دەفەرموێ: نەخێر هەندێکتان بۆ هەندێکتان ئەمیرن. ئەمەش ڕێز گرتنی خوایە بۆ ئەم ئوممەتە.

٤. عن أبي هريرة أن النبي(ﷺ) قال: (الأنبياء اخوة لعلات. أمهاتهم شتى ودينهم واحد. وإني اولى الناس بعيسى بن مريم. لأنه لم يكن بيني وبينه نبي. وإنه نازل فاذا رأيتموه فاعرفوه). مسند أحمد ٤٠٦/٢. والحديث صحيح.

واتە: پێغەمبەران زڕبرای یەکن. دایکیان جیایە {کە شەریعەتەکەیانە} وەدینیان یەکە {کە عەقیدەیە}. وە من لەپێشترم بۆ عیسا. چونکە لەنێوان من و ئەودا پێغەمبەر نەبووە. وە دادەبەزێ ئەگەر بینیتان بیناسنەوە.

وە ئەو فەرموودانەی دەربارەی دابەزینی عیسا(علیە السلام) هاتووە گەیشتۆتە پلەی متەواتیر.

(ابن تەیمیە)(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێ: (وە مەسیح پێغەمبەر(علیە السلام) هەردەبێ دابەزێتە سەر زەوی.....هەروەك هاتووە لەفەرموودە صەحیحەکاندا. وە لەبەر ئەوەشە کە لە ئاسمانی دووەمدا بووە. وەلەگەڵ ئەوەی کە ئەو چاکترە لە (یوسف و ادریس و haروون) چونکە ئەو ئەیەوێ دابەزێتەوە سەر زەوی پێش ڕۆژی دوایی. بە پێچەوانەی غەیری خۆیەوە. وە هۆی ئەوەی کە ئادەم لە ئاسمانی دونیادا بووە، چونکە ڕۆحی منداڵەکانی خۆی پیشان ئەدرێ). مجموع الفتاوى ٣٢٩/٤.

**ووتەی زانایان لەسەرحیکمەتی دابەزینی عیسا( علیه السلام ) جگە لە غەیری خۆی:**

١. ڕەددە بۆ جولەکە کە دەڵێن عیسامان کوشتوە. نەخێر بەڵکو هەر عیسایە(علیه السلام) کە دەججالی سەرۆکیان دەکوژێت. ابن حجر(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەمەی بە ئەرجەح داناوە./فتح الباری٦/.٤٩٣

٢. عیسا(علیه السلام) لە ئینجیلدا گەورەیی ئوممەتی پێغەمبەری خوا محمدی(ﷺ) زانیووە. بۆیە دوعای کردوە کە لەو ئوممەتە بێت. وە خوای گەورە دوعاکەی گیرا کردوەو هێشتویەتیەوە تا لە ئاخر زەماندا بە دین تازەکەرەوە دادەبەزێ. ئیمامی (الذهبی)(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (عیسای کوڕی مەیەم(علیه السلام) هاوەڵەو پێغەمبەریشە. چونکە پێغەمبەری(ﷺ) بینیووە لە شەوی (ئیسراء)داو سەلامی لێ کردوە. وە کۆتا هاوەڵە کە دەمرێ/ تجرید اسماء الصحابة ١/.٤٣٢

٣. دابەزینی لەبەر نزیك بونەوەی ئەجەلێتی. تا لە زەوی‌دا بنێژرێت. چونکە هیچ مەخلوقێك کە لە گڵدا نەبێ بمرێ، لەبەرئەوە دابەزینی هاوکاتی هاتنی دەججال دەکاو دەیکوژێ.

٤. بۆ بەدرۆخستنەوەی گاورەکانە چونکە خاچ دەشکێنێ‌و بەراز دەکوژێ‌و سەرانە هەڵدەگرێ.

٥. لەبەر ئەوەیە کە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: (من ئەولاترم (نزیکترین کەسم) بە عیسای کوڕی مەریەم(علیه السلام)، لە نێوان من و ئەودا پێغەمبەر نیە). البخاری ٦/٤٧٧-٤٧٨.ومسلم ١٥/١١٩.

**عیسا پێغەمبەر( علیه السلام ) بە چی حوکم دەکات:**

**بە شەریعەتی محمد(ﷺ) حوکم دەکات و شوێن کەوتەی ئەو دەبێت و شەرعی تازە دانابەزێنیێ، چونکە ئیسلام کۆتا دینەو تا قیامەت دەمێنێ‌و نەسخ نابێتەوە.**

**لە ئەبی هورەیرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمویەتی: (كيف أنتم إذا نزل فيكم ابن مريم وإمامكم منكم)؟ واتە: ئێوە حاڵتان چۆن بێت کاتێك ئیبن مەریەم دادەبەزێتە ناوتان و ئیمامەکەتان لە خۆتانە، وەلیدی کوڕی مسلم دەفەرمویێت: بە ابن ابی ذئب م ووت: ئەوزاعی بۆی باس کردوین لە الزهری لە نافع لە ابی هورەیرە:(وإمامكم منكم). ابن ابی ذئب فەرمووی: ئایا ئەزانی بە چی پێشەوایەتیتان دەکات؟ ووتم: پێم دەڵێی؟ فەرمووی: (فأمكم بكتاب ربكم تبارك وتعالى وسنة نبيكم(ﷺ))**/مسلم ٢/١٩٣.

**واتە: بە قورئانی خوا لەگەڵ سوننەتی پێغەمبەرەکەتان پێشەوایەتیتان دەکات.**

**وە دەبێتە حاکم و تازەکەرەوەی دین، چونکە دوای محمد(ﷺ)هیچ پێغەمبەر نایەت. بەڵگەش بۆ ئەوەی کە ئیسلام وەك خۆی دەمێنێتەوە نوێژ کردنی عیسایە (علیه السلام) لەگەڵ موسڵمانانداو حەجکردن و جیهادکردنێتی. بەڵگە لەسەر نوێژو جەنگ کردنی لەگەڵ کافراندا باسمان کرد. بۆ حەجیش:**

**عن حنظلة الاسلمي قال: سمعت أبا هريرة(رضي الله عنه) يحدث عن النبي(ﷺ) قال: (والذي نفسي بيده ليهلن ابن مريم بفج الروحاء حاجاً أو معتمراً أو ليثنينهما)**.مسلم ٨/٢٣٤.

**واتە :سوێند بەو خوایەی نەفسی منی بەدەستە ئیبن مەریەم لە (فج الروحاء){کە شوێنێکە لە نێوان مەککەو مەدینەدایە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەرەو بەدرو مەککە لە ڕۆژی فەتح و لەکاتی حەجدا پیایدا ڕۆیوە} تەهلیلە دەکات و بەرەو حەج یان عەمرە یان هەردووکیان دەچێت.**

وه لابردنی سەرانه(الجزية) لەسەر کافران نەسخ نیه بۆ حوکمەکەی چونکه وەرگرتنی تا دابەزینی عیسایە(عليه السلام) به هەواڵی پێغەمبەر(ﷺ) که فەرمویەتی: (....وليضعن الجزية). مسلم ٢/٢٩٢.

## بڵاوبوونەوەی ئاسایش و دەرکەوتنی بەرەکەت/

بەجۆرێ خوای گەورە بارانێ دەبارێنێو بەروبوم زۆر زۆر دەبێ. له فەرموودەکەی النواس دا هاتووه که پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی: (پاشان خوای گەورە بارانێك دەنێرێ که ماڵی قوڕو شار نامێنێ ئیلا ئەیگرێتەوه. وه زەوی دەشواتەوه وەکو ئاوێنەی لێ دەکات. پاشان به زەوی دەوترێ: میوەو بەروبوومت دەربکەو بەرەکەتت دەربخه. ئالەو ڕۆژەدا کۆمەڵێکی زۆر له هەنارێك دەخۆن و بەتوێکڵەکەی سێبەر بۆ خۆیان دروست دەکەن. وه شیر بەرەکەتی تێدەکەوێ بەجۆرێ تاکه وشترێکی تازه زاو بەشی عەشرەتێك لەخەڵکی دەکات. وەتاکه مانگایەکی تازه زاو بەشی هۆزێك له خەڵکی دەکات و تاکه مەڕێکی تازه زاو بەشی خێڵێك دەکات./مسلم ١٨/٦٣-٧٠.

له أبی هورەیرەوه(ڕەزای خوای لێ بێت) پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (پێغەمبەران زڕ برای یەکن و دایکیان جیایەو دینیان یەکه، وەمنیش یەکەم کەسم به عیسا(عليه السلام) چونکه لەنێوان من و ئەودا پێغەمبەر نیە. وه دادەبەزێ.... وه له زەمانی ئەودا خوای گەورە دەججال لەناو دەباو ئاسایش دەکەوێتە سەر زەوی. بەجۆرێ شێر لەگەڵ ووشتردا ئاو دەخواتەوه، وەپڵنگ لەگەڵ مانگاو گورگ لەگەڵ مەڕ. وەمناڵان یاری بەمار دەکەن و زیانیان پێ ناگەیەنێ).مسند احمد ٢/٤٠٦. قال ابن حجر: سندة صحيح (فتح الباری) ٦/٤٩٣.

وه له أبی هورەیرەوه(ڕەزای خوای لێ بێت) فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ)دەفەرمووێ: (سوێند بەخوا عیسای کوڕی مەریەم به حوکمێکی دادپەروەری دادەبەزێ. وه سەرانه هەڵدەگرێ، وه واز له ووشتری

گەنج(القلاص) دەهێنرێو کەس هەوڵی بۆ نادا. وە ڕق و کینەو حەسوودی نامێنێ. وە خەڵکی بانگ دەکرێ بۆ لای ماڵ و پارە کەس وەری ناگرێ). مسلم ١٩٢/٢.

## ماوەی مانەوەی لە دوای دابەزینی/

لە هەندێ ڕیوایەتدا (٧) ساڵ و لە هەندێکی تردا(٤٠) ساڵە.

لە عبدالله کوڕی عمرەوە(ڕەزای خوایان لێ بێت): (...وە خوای گەورە عیسای کوڕی مەریەم دەنێرێ....پاشان خەڵکی حەوت ساڵ بەسەردەبەن، کە لە نێوان هیچ دووکەسێکدا دوژمنایەتی نىیە. پاشان خوا لای شامەوە بایەکی سارد دەنێرێو هیچ کەسێك نامێنێ لەسەر زەویدا کە مسقاڵە زەڕەیەك خێر یان ئیمانی لە دڵدا بێت ئیلا ڕۆحی دەکێشرێ). مسلم ١٨/٧٥-٧٦.

وە لە ڕیوایەتی احمدو ابو داوددا هاتووە: (...فيمكث في الارض أربعين سنة. ثم يتوفى. ويصلي عليه المسلمون).مسند الامام احمد٢/٤٠٦.قال ابن حجر: صحيح ٦/٤٩٣. وسنن ابي داود١١/٤٥٦.

واتە: چل ساڵ لە زەویدا دەمێنێتەوە پاشان وەفات دەکات و موسڵمانان نوێژی لەسەر دەکەن.

ئەم دوو ڕیوایەتەش صەحیحە. هاوتایی لە نێوان ئەم دووحەدیثەدا ئەوەیە کە دەبێ بڵێین ڕیوایەتی حەوت ساڵەکە واتە ماوەی ژیانی دوای دابەزینی. وە ئەوی تریان واتە (٤٠)ساڵ تەمەنەکەیەتی پێش ئەوەی بەرز بکرێتەوەو دوای دابەزینی. چونکە پێش ئەوەی بەرز بکرێتەوە (٣٣) ساڵ بووە. والله اعلم. انظر النهاية/ الفتن والملاحم ١/١٤٦.

## سێیەم: یەئجوج ومەئجوج (یأجوج و مأجوج)

**بنچینەیان/**

ئەڵێن دوو ناوی فارسییە هەندێکی تر پێیان وایە عەرەبین، لەبەر ئەمە لە (أجت النار أجیجا)ەوە هاتووە کاتێك ئاگرەکە بڵێسە دەکات. یان لە (الأجاج)کە ئەو ئاوەیە زۆر سوێربێت و لە سوێریدا سوتێنەر بێت. یان لە (الأج)ەوە هاتووە واتە خێرایی دوژمن. وە (مأجوج) لە (ماج)ەوە واتە تێکچوون. وە جمهور بە (یاجوج ماجوج) بەبێ هەمزە دەیخوێننەوەو(عاصم) لە خوێندنەوەکەیدا هەمزەی دەداتێ. وە ئەمانە مرۆڤن و لە نەوەی آدەم وحەوان. هەندێك لە زانایان ئەڵێن لە نەوەی ئادەمن و لە(حەوا) نین. ئەمیش بەوەی ئادام لەشی گران بووەو مەنییەکەی تیکەڵ بە خۆڵ بووەو لەوەوە دروست بووە کە ئەمەش ووتەی ئیمامی نەوەوییە کە إبن حجر(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) هێناویەتی. ئەم ڕایەش بەڵگەی لە سەرنییە بەڵکو بۆچوونی ڕاست ئەوەیە کە لە نەوەی(نوح)ن و نوحیش لەنەوەی(حەوا)یە/فتح الباري ١٠٧/١٣.

وە لە نەوەی (یافث)ی باوکی تورکن و یافثیش لە کوڕەکانی نوحە/النهایة/الفتن والملاحم١/١٥٣.

**<u>بەڵگەش</u>:** لە أبی سعید الخدرییەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) کە پێغەمبەری خوا(ﷺ)فەرمویەتی: (خوای گەورە دەفەرموێت: (ئەی ئادەم، ئادەمیش دەفەرموێ: لە گوێڕایەڵی دوای گوێڕایەڵی تۆدام و خێر بەدەست تۆیە، خوای گەورە دەفەرموێت: کۆمەڵی ئاگر دەربکە. دەفەرموێ: کۆمەڵی ئاگر چین؟ دەفەرموێت: لە هەموو هەزارێك نۆسەدو نەوەدو نۆ دەربکە. لەو کاتەدا منالْ سەری سپی دەکات و سکپڕ سکەکەی دەخات و خەڵکی دەبینی سەرخۆشن و سەرخۆشی (مەی)نین بەڵام سزای خوا سەختە. ووتیان: ئایا کاممان ئەو تاکە بین؟ فەرمووی: مژدەبێ لێتان لە ئێوە پیاوێك و لە یأجوج و مأجوج هەزار). البخاری ٣٨٢/٦.

**وعن عبدالله بن عمر عن رسول الله(ﷺ): (أن يأجوج ومأجوج من ولد آدم. وأنهم لو أرسلوا الى الناس لأفسدوا عليهم معايشهم. ولن يموت منهم أحد إلا ترك من ذريته ألفاً فصاعداً).** منحة المعبود فى ترتيب مسند الطيالسي٢/٢١٩ وروى الحاكم طرفا منه في المستدرك ٤/٤٩٠. وقال: هذا حديث صحيح على شرط الشيخين ولم يخرجاه ووافقه الذهبي.

**واته: يأجوج ومأجوج له نەوەی ئادەمن. وەكاتێك دەنێردرێنە سەر خەڵكی ژیانیان لێ تێك ئەدەن، وە كەسیان نیيە كە دەمرێ مەگەر لە نەوەكانیدا هەزاری تر جێ دەهێڵێ.**

**سیفەتیان/**

**لە نەوەی ڕەگەزەكانیان دەچن لە توركە زمان فسەكانی مەغۆل. چاویان بچوكە. لوتیان باریك و بچوكە(ذلف). قژیان سووری تیایە (صهب)ە. دەموو چاویان پانەو لە قەڵغانی دوو چین دەچێو لە سەر شێوەو ڕەنگی توركەكانن.**
انظر النهاية/الفتن والملاحم١/١٥٣.

**لە ابن حرملەوە لەپوریەوە فەرمویەتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) ووتاریدا لە كاتێكدا كاتێك پەنجەی بەستبوو بە هۆی ئەوەی دووپشك پێوەی دابوو فەرمووی: (ئێوە دەڵێن دوژمن نیە، وە بەردەوام ئێوە ئەجەنگن لەگەڵ دوژمندا هەتا یأجوج و مأجوج دێن. كە دەم وچاو پانی چاو بچوكن و قژیان (شهب)ە{واتە سپیەو ڕەشی تێكەڵاوە}. وە لەهەموو بەرزاییەكانەوە دێن. دەم و چاویان لە قەڵغانی دووچین دەچێ).** مسند الامام أحمد ٢/٢٧١ قال الهيثمي: رواه احمد والطبراني ورجالهما رجال الصحيح (مجمع الزوائد)٨/٦.

**ابن حجر(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) زۆر ئەثەری هێناوە لەسەر سیفەتیان بەڵام هەموویان ضەعفین وەكو ئەوەی ئەڵێن چوار باڵ بە چوار باڵن. یان بست و دوو بست سێ بست درێژیەكەیانەو یان گوێیەكیان ڕادەخەن و گوێیەكەی تریان دەدەن بەخۆیاندا. یان وەكو داری (الأرز) وان كە دارێكی زۆر گەورەیە.**
انظر فتح البارى ١٣/١٠٧.

**دەرکەوتنیان/**

**١.لەقورئاندا:**

أ-﴿حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتۡ يَأۡجُوجُ وَمَأۡجُوجُ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٖ يَنسِلُونَ ٩٦ وَٱقۡتَرَبَ ٱلۡوَعۡدُ ٱلۡحَقُّ فَإِذَا هِيَ شَٰخِصَةٌ أَبۡصَٰرُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَٰوَيۡلَنَا قَدۡ كُنَّا فِي غَفۡلَةٖ مِّنۡ هَٰذَا بَلۡ كُنَّا ظَٰلِمِينَ ٩٧ ﴾ الانبياء /٩٦-٩٧.

**واتە: هەتا ئەو کاتەی بەربەستەکەی (ذو القرنين) لەسەر دوو تیرەی یاجوج و ماجوج دەکرێتەوە (کە ئەمەش یەکێکە لە نیشانەکانی نزیك بوونەوەی کۆتای دنیا) و ئەوانە ئەو کاتە لە هەموو کون و کەلێنێکەوە بە لێشاو پەیدا دەبن و زۆر دەبن. ئەوسا ئیتر بەڵێنی ڕاستی نزیك دەبێتەوە و دەست پێ دەکات، ئینجا دەبینیت چاوی ئەوانەی بێباوەڕن ئەبڵەق و زەق دەبێت، (بێ پەروا دەڵێن) هاوار بۆ ئێمە، چاك غافڵ بووین لەم ڕۆژە، لەم سەرەنجامە، نەك هەر ئەوە! بەڵکو ئێمە هەر ستەمکاربووین.**

ب-﴿ثُمَّ أَتۡبَعَ سَبَبًا ٩٢ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ بَيۡنَ ٱلسَّدَّيۡنِ وَجَدَ مِن دُونِهِمَا قَوۡمٗا لَّا يَكَادُونَ يَفۡقَهُونَ قَوۡلٗا ٩٣ قَالُواْ يَٰذَا ٱلۡقَرۡنَيۡنِ إِنَّ يَأۡجُوجَ وَمَأۡجُوجَ مُفۡسِدُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَهَلۡ نَجۡعَلُ لَكَ خَرۡجًا عَلَىٰٓ أَن تَجۡعَلَ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَهُمۡ سَدّٗا ٩٤ قَالَ مَا مَكَّنِّي فِيهِ رَبِّي خَيۡرٞ فَأَعِينُونِي بِقُوَّةٍ أَجۡعَلۡ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُمۡ رَدۡمًا ٩٥ ءَاتُونِي زُبَرَ ٱلۡحَدِيدِۖ حَتَّىٰٓ إِذَا سَاوَىٰ بَيۡنَ ٱلصَّدَفَيۡنِ قَالَ ٱنفُخُواْۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَعَلَهُۥ نَارٗا قَالَ ءَاتُونِيٓ أُفۡرِغۡ عَلَيۡهِ قِطۡرٗا ٩٦ فَمَا ٱسۡطَٰعُوٓاْ أَن يَظۡهَرُوهُ وَمَا ٱسۡتَطَٰعُواْ لَهُۥ نَقۡبٗا ٩٧ قَالَ هَٰذَا رَحۡمَةٞ مِّن رَّبِّيۖ فَإِذَا جَآءَ وَعۡدُ رَبِّي جَعَلَهُۥ دَكَّآءَۖ وَكَانَ وَعۡدُ رَبِّي حَقّٗا ٩٨

۞ وَتَرَكۡنَا بَعۡضَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ يَمُوجُ فِي بَعۡضٖۖ وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَجَمَعۡنَٰهُمۡ جَمۡعٗا ﴿٩٩﴾)

**الكهف ٩٢-٩٩.**

**واتە: لەوەودوا هەر دەستبەرداری هۆکارەکان نەبوو، بەشوێنیاندا گەڕا. هەتا کاتێك گەیشتە نێوان هەردوو بەربەستەکە، کە لە نێوانیاندا قەومێك هەبوو کە لە هیچ قسەیەك تیٚ نەدەگەیشتن (مەگەر زۆر بەدەگمەن). کاتێك دەسەڵاتی (ذو القرنین) یان بینی وتیان: ئەی (ذو القرنین) بەڕاستی یەئجوج و مەئجوج تۆوی خراپە و تاوان دەچێنن لە زەویدا، تا بەربەستێك لە نێوان ئێمە و ئەواندا دروست بکەیت؟ (ذو القرنین) وتی: ئەو دەسەڵات و زانیاری و شتانەی پەروەردگارم پێی بەخشیووم چاکترە بۆ من (لە پارە و سامان) جا ئێوە بەهێزی بازوو یارمەتیم بدەن تا بەربەستێکی بەهێز لە نێوان ئێوە و ئەواندا دروست بکەم. پارچە ئاسنم بۆ بهێنن و (کەڵەکەی بکەن) هەتا ئەمبەرو ئەوبەری هەردوو کێوەکەی پڕ کرد، ئەوسا فەرمانیدا، تا بە (موشەدەمە) فوو بکەن لەو ئاگرەی کە لە ژێریدا کرابۆوە، هەتا کاتێك هەمووی کرد بە ئاگر، ئینجا (ذو القرنین) وتی: ئادەی مسی تواوەم بۆ بهێنن تا بیکەم بەسەریدا (مس لەگەڵ ئاسندا تێکەڵ بکرێت پێکهاتەیەکی بەهێزی لیٚ دروست دەبێت). ئەوسا ئیتر (یەئجوج و مەئجوج) نە توانیان سەربکەون، نە توانیان کوناو دەری بکەن. (ئەوسا ذو القرنین) وتی: دروستکردنی ئەم بەربەستە ڕەحمەتێك بوو لەلایەن پەروەردگارمەوە، ئینجا کاتێك پەروەردگارم بڕیاری تێکدانی بدات، ورد و خاشی دەکات، بێگومان بەڵێنی پەروەردگارم حەقیقەت و ڕاستەقینەیە. لەو ڕۆژە بەدواوە وازمان لێهێنان تا وەك شەپۆل بەناو یەکدا بێن، یاخود وازمان لێهێنان بۆ ئەو ڕۆژەی (کە بەربەستەکە دەشکێت و بە پەلە) وەکو لێشاودێنە دەریٚ و شەپۆل دەدەن بەناو یەکدا (کە یەکێکە لە نیشانەکانی**

کۆتایی هاتنی دنیا)، ئەوسا فوو دەکرێت بە - صور - دا، بەو هۆیەوە هەر هەموو خەڵکی بە تەواوی کۆ دەکەینەوە (بۆ موحاسەبە و لێپرسینەوە).
ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی (ذا القرنین) پاشایەکی صالّح بووەو بەنداو(سدّ)ێکی دروست کرد کە بەربەست لەنێوان گەلی یأجوج مأجوجی موفسیدو خەڵکەکەدا بکات، بەلاّم کە قیامەت هات دەتەقێت و بەخێرایی دەردەچن. کە ئەمەش نزیکی نەفخی صور ڕوودەدات. وە(ذو القرنین) ابن عباس دەربارەی دەگێڕێتەوە کە ناوی(عبدالله بن الضحاك بن معد)ە. وە وتراوە ناوی (مصعب بن عبدالله بن قنان من الأزد ثم من قحطان)ە. وە غەیری ئەمەش ووتراوە. وە ناونراوە (ذي القرنين) چونکە گەیشتە ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوا کە شاخی شەیتان دەردەکەویٚو ئاوا دەبیٚ. وەغەیری ئەمەش وتراوە. وەئەمە (ذي القرنين الأسكندر المقدوني المصري)ذی‌یە چونکە ئەمەیان کافر بووەو دوای باسکردنی قورئان بەنزیکی زیاد لە دوو هەزار ساڵ هاتووە./انظر البداية والنهاية ٢/١٠٢-١٠٦. وتفسير ابن كثير ٥/١٨٥-١٨٦.

٢-لەفەرموودەدا/

١-لە ام حبيبە کچی ابو سفيان لە زەینەبی کچی جەحش ەوە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕۆژێکیان بە ترسەوە خۆی کردە ژوورەوە بۆ لایو فەرمووی: (لا اله الا الله. وەیل بۆ عەرەب لە خراپەی ئەوەی نزیك بۆتەوە، ئەمڕۆ یأجوج و مأجوج لە سەدەکە ئەمەندەیان کون کردووە (پەنجەی گەورەو شایەتمانی ئەدا لە یەك). زەینەبی کچی جەحش فەرمووی: ووتم ئەی نێردراوی خوا! ئایا تیائەچین ئەگەر پیاوچاکیشمان تێدا بێت؟ فەرمووی: بەڵیٚ ئەگەر خراپەکار زۆربوو). البخاري ٣٨١/٦ ومسلم ٢/١٨-٤.

٢-لە فەرمودەی نواس بن سمعان(ڕەزای خوای لیٚ بێت)دا هاتووە: (خوای گەورە وەحی دەنێری بۆ عیسا(علیه السلام) کەوا من چەند بەندەیەکم بۆت

ناردووە کەس توانای شەڕکردنی نیە لەگەڵیان. دەسا بەندەکانم بەرە بۆ (طور) وە خوای گەورە یأجوج و مأجوج دەنێرێ کە لە هەموو بەرزاییەکەوە دادەبەزن. ئەم کۆمەڵە بە لای دەریاچەی (طبرية)دا دەڕۆن چی ئاوی تیایە دەیخۆنەوەو کۆتای کەسیان بەلایدا دەڕوات و دەڵێن: کاتی خۆی لێرەدا ئاو هەبووە. وەعیسا پێغەمبەر(علیه السلام)و هاوەڵەکانی ئابلۆقە دەدرێن هەتا سەرە گایەك بۆ یەکێك لەوان لە سەد دیناری ئاڵتون {سەد مسقالٚ} باشتر دەبێت. ئەو ڕۆژە عیسا پێغەمبەر(علیه السلام)و هاوەلاٚنی لەخوای گەورە دەپاڕێنەوە. ئاواتی گەڕانەوە بۆ لای خوا دەخوازن. تا خوای گەورە کرمی (النغف) لە قورگیاندا پەیدا دەکات. بەجۆرێ کە بەیانی دەکەنەوە هەموویان مردوون وەك یەك کەس کە دەمرێ. پاشان عیسا پێغەمبەر(علیه السلام)و هاوەلاٚنی دادەبەزنە سەر زەوی بە ئەندازەی بستە خاکێکیان دەست ناکەوێ ئیلا بۆگەنی لاشەی یأجوج و مأجوج پڕی کردووە. بۆیە عیسا(علیه السلام)و هاوەلاٚنی ئاواتی گەڕانەوە دەخوازن بۆ لای خوای گەورە. تا خوای گەورە جۆرە باڵندەیەك دەنێرێ وەك ملی حوشتر وان و هەڵیان دەگرن و لە کوێ خوای گەورە ویستی لێ بێت فڕێی دەدەن)مسلم ١٨/٦٨-٦٩. وەلەڕیوایەتێکیدا دوای ووتەی: (..... کاتی خۆی لێرە ئاو هەبووە....)دەفەرموێ: (...پاشان دەڕۆن هەتا ئەگەنە شاخی چڕەدار(جبل الخمر) کە شاخێکە لەبیت المقدس و دەڵێن: ئەهلی سەر زەویمان کوشت با ئەهلی ئاسمان بکوژین. بۆیە تیرەکانیان دەگرنە ئاسمان. خوای گەورە تیرەکانیان دەگێڕێتەوە کە بە خوێن سوور بوە.)مسلم ١٨/٧٠-٧١.

٣-عبدالله ی کوڕی مسعود(ڕەزای خوای لێ بێت) فەرموویەتی: کاتێ ئەو شەوەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) شەوڕەوی پێ کرا گەیشت بە ابراهیم و موسی وعیسا(علیه السلام) باسی قیامەتیان کرد.......(وە فەرموودەکە دەداتە پالٚ عیسا)..وە باسی کوژرانی دەججالی کرد. پاشان فەرمووی: پاشان خەڵکی

**دەگەڕێنەوە بۆ ولاَتەكانیان و دەگەن بە یأجوج ومأجوج  كە لە هەموو بەرزاییەكەوە دادەبەزن. ناگەن بەهیچ ئاوێك ئیلا دەیخۆنەوە. وە ناگەن بەهیچ شتێك ئیلا تێكی دەدەن. دێنە لام و لە خوای گەورە دەپاڕێمەوەو خوای گەورە دەیانكوژێ‌و  زەوی پڕ دەبێت لە بۆ گەنیان. دێنەوە لام و لەخوای گەورە دەپاڕێمەوە و ئاسمان ئاوێك دەڕێژێ‌و هەڵیان دەگرێ‌و لاشەیان فڕێ دەداتە دەریاوە).** مستدرك الحاكم ٤٨٨/٤-٤٨٩.قال الحاكم: صحیح الاسناد ولم یخرجاه ووافقه الذهبي في تلخیصه. ورواه الامام احمد في المسند ١٨٩/٤-١٩٠(ح ٣٥٥٦) تحقیق احمد شاكر وقال: اسناده صحیح.

**٥-لە ابی هوریرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) لە پێغەمبەرەوە(ﷺ): (باسی فەرموودەكەی كردو تیایەتی):...وە دەردەكەونە سەر خەڵكی وە ئاو دەخۆنەوەو خەڵكی لێیان ڕادەكات و تیرەكانیان دەهاونە ئاسمان و بەسوور بوو بەخوێنەوە دەگەڕێتەوەو دەڵێن: ئەهلی زەویمان شكاندو بەسەر ئەهلی ئاسمانیشدا بە بەهێزو بەرزیەوە سەركەوتین. فەرمووی: خوای گەورە كرمێك لە قوڕگیاندا پەیدا دەكات. فەرموی: بەهیلاكیان دەبا. سوێند بەو خوایەی كە نەفسی منی بەدەستە گیانلەبەرانی سەر زەوی بەهۆی زۆری گۆشتیان قەڵەوو پڕبەز دەبن و دەئاوسێن.**/سنن الترمذي ٥٩٧/٨-٥٩٩. قال الترمذي: هذا حدیث حسن غریب. وسنن ابن ماجه١٣٦٤/٢ -٢٣٦٥. (ح٤٠٨٠). و رواه الحاكم في المستدرك ٤٨٨/٤ وقال فیه: حدیث صحیح على شرط الصحیحین ولم یخرجاه ووافقه الذهبي. وصححه الالبانی في (ص.ج.ص) ٢٦٥/٢ (ح ٢٢٧٢).

**سەددی یأجوج و مأجوج/**

ذوالقرنین سەددی یأجوج ومأجوجی دروست کرد وەکو خوای گەورە باسی دەکات. وە شوێنەکەشی لەلای ڕۆژهەلاٌتەوەیە چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: (...حتی اذا بلغ مطلع الشمس..) الکهف/٩٠. بەلاٌم بە تەواوی شوێنەکەی نازانرێ‌و زۆر پاشاو میژوونووس هەوڵیان داوە بیدۆزنەوە. بەڵگەش لەسەر ئەوەی کە ئەو سەددە ماوەو نەتەقیوە:

لە ابی هورەیرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) کە دەربارەی سەدەکە فەرموویەتی: (هەموو ڕۆژێك لێی هەڵدەکەنن هەتا کە نزیك بویەوە کونی بکەن سەر پەشتیارەکەیان دەڵێ: بگەڕێنەوە سبەینێ کونی دەکەین. فەرمووی: خوای گەورە وەکو سەخترین کاتی کونەکە چاکی دەکاتەوەو پڕی دەکاتەوە، بەلاٌم هەرکاتێك گەیشتە ماوەی خۆی‌و خوای گەورە ویستی وابوو کە بیاننێرێتە سەر خەڵکی. سەرپەرشتیارەکەیان دەڵێ: بگەڕێنەوە (إن شاء الله) بەیانی کونی دەکەین، وە (ان شاء الله) دەکەن. فەرمووی: کە دەگەڕێنەوە هەر وەکو خۆی کە جێیان هێشت ماوەو کونەکە پڕ نەبۆتەوە کونەکە زیاتر دەکەن و دەردەچنە دەرەوەو دەچنە سەر خەڵکی‌و ئاوەکان دەخۆنەوەو خەڵکی لێیان ڕادەکات). رواه الترمذی وابن ماجه والحاکم ومر تخریجه قریبا وهو صحیح.

(سید قطب) لای وایە بە تەرجیح نەك بە یەقین تەقینەوەی سەددەکە ڕووی‌داوەو یأجوج ومأجوج دەرچوون ئەوانیش(تەتەرەکان)بون کە لە سەدەی (١٧)ی کۆچی‌دا دەرکەوتن و پاشانشینەکانی ئیسلامیان تێك شکاندو فەسادیان لە سەر زەویدا نایەوە/انظر في ظلال القران ٤/٢٢٩٣-٢٢٩٤.

وە ئیمامی قورطبی(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: لەو کاتەدا لە تورکەکان دەرکەوتن بەجۆرێك مەگەر خوای گەورە توانی بزانێت چەندن و مەگەر هەر خوای گەورە توانی لە موسڵمانان دووریان بخاتەوە بە جۆرێك لە یأجوج ومأجوج یان سەرەتاکەیان دەچوون./تفسیر القرطبی ١١/٥٨.

# چوارەم: سێ ڕۆچوونەکە (الخسوفات الثلاثة)

**الخسف/** ئەوترێ شوێنەکە ڕۆدەچێ وە ڕۆچوو ئەگەر لە زەویدا نەماو وون بوو، خوای گەورە دەفەرموێ:(**فخسفنا به وبداره الأرض**) القصص /٨١.

**بەڵگە لە فەرمودەدا لەسەر دەرکەوتنی:**

**١-لە حوزەیفەی کوڕی اسید(ڕەزای خوای لێ بێت) کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (قیامەت هەڵناسێ تا (دە) نیشانە ئەبینن.....(لەوانە باسی کرد): ثلاثة خسوف: خسف بالمشرق، وخسف بالمغرب، وخسف بجزيرة العرب).** مسلم ١٨/٢٧-٢٨.

**واتە: سێ ڕۆچون: ڕۆچونێك لە ڕۆژهەلاَت و یەکێك لەڕۆژئاواو ڕۆچونێکیش لەنیوە دورگەی عەرەبی.**

**٢-وە لە ام سەلەمەوە فەرموویەتی: لە پێغەمبەری خوام(ﷺ) بیست دەیفەرموو: (دوای من ڕۆچوون لە ڕۆژهەلاَت و ڕۆژئاواو نیوەدوورگەی عەرەبیدا ڕوودەدات. ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! ئایا زەوی ڕۆدەچێ ئەگەر پیاوچاکی تێدابێت؟ پێغەمبەری خوا(ﷺ)پێی فەرموو: ئەگەر خەڵکی خراپەیان زۆر کرد).** رواه الطبراني في الاوسط كما قال الهيثمي في مجمع الزوائد. ١١/٨. وقال: في صحيح بعضه وفيه حكيم بن نافع. وثقه ابن معين. وضعفه غيره. وبقية رجاله ثقات.

**ئایا ڕووی داوە/**

**ئەم نیشانەیە وەکو نیشانە گەورەکانی تر ڕووی نەداوە ئەگەر چی هەندێك زانا پێیان وایە ڕوویداوە وەکو (الشريف البرزنجي) بڕوانە الاشاعة لاپەڕە(٤٩). بەلاَم هەندێك ڕۆچوونی جیاوازی کەم ڕووی داوە.**

ابن حجر(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێ: چەند ڕۆچونێك لە هەندێك شوێندا بینراوە. بەڵام ئیحتماله کە مەبەست بەو سێ ڕۆچوونە ئەندازەیەکی زۆر بێت لێی وەکو ئەوەی زۆرترین شوێنی زەوی بێت کە ڕۆبچێت/فتح الباری ٨٤/١٣.

وە وەك لەفەرموودەکەدا هات کاتێك ڕوودەدات کە خراپە زۆر بێت لە خەڵکیداو تاوان بلاّوبێتەوە. ...والله اعلم.

## پێنجەم: دوکەڵ(الدخان)

أ- بەڵگە لە قورئاندا: (فَٱرۡتَقِبۡ يَوۡمَ تَأۡتِي ٱلسَّمَآءُ بِدُخَانٖ مُّبِينٖ ﴿١٠﴾ يَغۡشَى ٱلنَّاسَۖ هَٰذَا عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿١١﴾) الدخان /١٠-١١.

واتە: (ئەوانە هەروا بەسەریانەوە ناچێت) چاوەڕێی ڕۆژێك بکە کە دوکەڵێکی ئاشکرا بەری ئاسمان دەگرێت. هەموو خەڵکی دادەگرێتە، بۆیە بە ترسەوە دەڵێن: ئەمە سزاو ئازارێکی بە ئێشە (وا ڕووی تێ کردووین).

وە لەسەر ئەوەی ئایا ئەمە چیەو ئایا ڕووی داوە یاخود ڕووی نەداوە؟ زانایان دوو ڕایان هەیە :

**یەکەم**: پێیان وایە ڕووی داوەو ئەو قاتوقڕیو برسێتیە بوو کە بەسەر قوڕەیشدا هات کاتێ پێغەمبەری خوا(ﷺ) دوعای لێ کردن و لە ئاسماندا بە شێوەی دووکەڵیان ئەبینی لە برساندا. ئەمەش ڕای عبدالله کوری مسعود(ڕەزای خوای لێ بێت)و هەندێك لە(سەلەف)ە./ تفسیر الطبري ١١١/١٥-١١٣و تفسیر قرطبي ١٣١/١٦ و تفسیرابن کثیر.٢٣٣/٧.

وابن مسعود دەفەرموێ: (خمس قد مضين: اللزام والروم والبطشة والقمر والدخان).البخاري ٥٧١/٨. ومسلم ١٧/ ١٤٣

واتە: پێنج شت بەسەرچوون و ڕوویان داوە: (اللزام) واتە ئەو سزا سەختەی کە بە هیلاکیان ئەبات بەهۆی بە درۆخستنەوەیان {ئەویش ئەوە بوو لە جەنگی بەدردا بەسەر قورەیشدا هات لەکوژران و گرتن وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێت: (قُلْ مَا يَعْبَؤُا۟ بِكُمْ رَبِّى لَوْلَا دُعَآؤُكُمْ ۖ فَقَدْ كَذَّبْتُمْ فَسَوْفَ يَكُونُ لِزَامًۢا ﴿٧٧﴾ ) الفرقان (٧٧) واتە: تۆ ئەی محمد(ﷺ) پێیان بڵێ: (خەڵکینە پەروەردگارم هیچ گوێتان پێ نادات و نرختان بۆ دانانێت، ئەگەر دوعاو نزاو خواپەرستیتان نەبێت، کەچی زۆربەتان هەر پێغەمبەر و قورئانتان بە درۆزانی، ئەگەر بەردەوام وابن، ئەوا سزاو تۆڵەی خوایی لە ئایندەدا یەخەتان پێ دەگرێت لە کۆڵتان نابێتەوە.} وە ڕۆم و پیاکێشان(البطشة)و مانگ و دوکەڵ.

وە کاتێ کابرایەك لە(كندة) باسی (الدخان)ی ئەکردو ووتی: (دوکەڵ لەڕۆژی دوایی‌دا بەشێوەیەك دێت گوێو چاوی مونافیقیان دادەگرێ). ابن مەسعود (ڕەزای خوای لێ بێت) تووڕە بوو وە فەرمووی: (هەرکەس زانی با قسە بکات و هەرکەس نەیزانی بابڵێ- الله اعلم- چونکە ئەوە زانیاریە ئەگەر نەیزانی بڵێ نازانم. چونکە خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی دەفەرمووێ: (قل ما اسالكم عليه من أجر وما أنا من المتكلفين) (ص/٨٦){واتە: جا تۆش ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەو خەڵکە بڵێ: من هیچ پاداشت و خەڵاتێکم لە ئێوە ناوێت، من لەو کەسانەش نیم کە شت هەڵبەستم و زۆر لە خۆم بکەم.} وە قوڕەیش خاوی‌یان ئەکرد بەرامبەر بە ئیسلام جا پێغەمبەری خوا(ﷺ) دوعای لێکردن و فەرمووی: (خوایە سەرم بخە بەسەریاندا بەهۆی حەوت ساڵی گرانی‌یەوە وەکو ساڵەکانی یوسف) وە ساڵێکیان بەسەردا هات تا بە هیلاك چوون تیایداو وایان لێ هات مردارەوە بوو و ئیسقانیان دەخواردو پیاو لە نێوان ئاسمان و زەوی‌دا بەشێوەی دوکەڵی بەدی ئەکرد). البخاري ٥١١/٨ و ٥٧١/٨ ومسلم ١٧/١٤٠-١٤١.

**وە ئەم ووتەیە (ابن جریری الطبري)(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بەئەرجەحی داناوە.**

**<u>دووەم</u>: کۆمەڵی دووەم پێیان وایە کە ڕووی نەداوەو نزیك قیامەت ڕوودەدات، ئەمەش ڕای (ابن عباس)و هەندێك لە هاوەڵان و تابیعینە. ابن جریر الطبري و ابن ابي حاتم ڕیوایەتیان کردووە لە عبدالله بن ابی ملیکەوە کە فەرموویەتی: (ڕۆژێکیان بەیانیەك لەلای ابن عباس دا بووم(ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمووی: ئەم شەو نەخەوتووم هەتا بەیانی بوویەوە. ووتم: بۆچی؟ فەرمووی: ووتیان ئەستێرەکی کلکدار دەرکەوتووە ترسام کە (الدخان)بێت هاتبێت و نەخەوتم تا بەیانی بوویەوە).** تفسیر الطبري ١١٣/٢٥ و تفسیر ابن کثیر ٢٣٥/٧.

**(ابن کثیر)(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (ئەم سەنەدە صەحیحە.... وە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە ڕووی نەداوەو ظاهری قورئانیش وایە، خوای گەورە دەفەرمووێ: (فارتقب یوم تأتي السماء بدخان مبین). ئەمەش مانای وایە دیارەو هەموو کەس دەیبینێ. وە ئەوەی ابن مسعود ڕاڤەی کردووە خەیاڵ بووەو لەکاتی زۆر برسێتیو ناڕەحەتیدا بینیویانە، وە(یغشی الناس) واتە: دایان دەگرێتەوەو دایان دەپۆشی. ئەگەر شتێکی خەیاڵی بوایەو بۆ ئەهلی مشرکینی مەککە بوایە خوای گەورە نەی دەفەرموو هەموو خەڵکی دادەگرێ).**تفسیر ابن کثیر ٢٣٥/٧.

**وە پێغەمبەر(ﷺ) بە(ابن صیاد)ی فەرموو: (...شتێکم بۆ گرتویتە دڵ. ووتی: ئەوە (الدخ)ە، فەرموی: بێدەنگ بە، بە زەلیلی دانیشە). وە پێغەمبەر(ﷺ) ئەمەی لەدڵ دا بوو: (فارتقب یوم تأتي السماء بدخان مبین).** البخاري ٢١٨/٣ و مسلم ٤٧/١٨-٤٩. والترمذي ٥١٨/٦-٥٢٠. ومسند احمد ١٣٦/٩-١٣٩(ح٦٣٦٠)تحقیق احمد شاکر وقال: اسناده صحیح،

**جا تەفسیرو قسەکەی ابن مسعود موقوفەو مەرفوعەکەی پێش دەخرێت**/النهایة /الفتن والملاحم ١٧٢/١.

وه هەردوو ووتەکە ڕاستەو صەحیحەو ئیمامی القرطبي(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێ: مجاهد فەرموویەتی: ابن مسعود ئەیفەرموو: ئەمە دوو دوکەڵە، یەکێکیان بەسەرچووەو ئەوەی تر ماوە، نێوان ئاسمان و زەوی پڕ دەکاتەوەو بڕوادار وەکو هەڵامەت توشی دەبێ بەڵام کافر هەموو کونێکی لەشی دەگرێتەوە./التذكرة ص ٦٥٥.

**ب- بەڵگە لە فەرمودەدا:**

**١-عن ابي هريرة(رضي الله عنه) ان رسول الله(ﷺ) قال: (وبادروا بالأعمال ستاً: الدجال والدخان).** مسلم ٨٧/١٨.

**واتە: کردەوە پێش بخەن پێش شەش شت: دەججال و دوکەڵ....**

**٢-وە لە فەرموودەی حذیفەدا هاتوە لە باسی نیشانە گەورەکانی قیامەت دا: (.....والدخان).** مسلم ٢٧/١٨-٢٨.

**٣- روى ابن جرير والطبراني عن ابى مالك الاشعري(رضي الله عنه) قال: قال رسول الله(ﷺ): ( إن ربكم أنذركم ثلاثاً: الدخان يأخذ المؤمن كالزكمة، ويأخذ الكافر فينتفخ حتى يخرج عن كل مسمع منه).** تفسير الطبري ١١٤/٢٠ وتفسير ابن كثير ٢٣٥/٧. قال ابن كثير: اسناده جيد، وذكر ابن حجر رواية الطبري عن ابي مالك وابن عمر ثم قال: اسنادهما ضعيف جدا لكن تظافر هذه الاحاديث يدل على أن لذلك أصلا (فتح الباري) ٥٧٣/٨.

**واتە: خوای ئێوە ئاگاداری سێ شتی کردونەتەوە: دوکەڵێك کە ئیماندار وەك هەڵامەت دەیگرێ. وە کافر دەیگرێو دەئاوسێ هەتا لەهەموو کونێکی لاشەیەوە دەردەچێ.**

## شەشەم: دەرکەوتنی خۆر لە ڕۆژئاواوە (طلوع الشمس من مغربها)

**١-بەڵگە لە قورئاندا:**

**خوای گەورە دەفەرمووێ:** (هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأۡتِيَهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَوۡ يَأۡتِيَ رَبُّكَ أَوۡ يَأۡتِيَ بَعۡضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَۗ يَوۡمَ يَأۡتِي بَعۡضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ لَا يَنفَعُ نَفۡسًا إِيمَٰنُهَا لَمۡ تَكُنۡ ءَامَنَتۡ مِن قَبۡلُ أَوۡ كَسَبَتۡ فِيٓ إِيمَٰنِهَا خَيۡرٗاۗ قُلِ ٱنتَظِرُوٓاْ إِنَّا مُنتَظِرُونَ ١٥٨)

**الانعام /١٥٨.**

**واتە: ئایا ئەوانە چاوەڕێی هیچ شتێك دەكەن جگە لەوەی كە مەلائیكەتی گیان كێشانیان بۆ بێت؟ یان پەروەردگارت خۆی یەكسەر بێت بێ چەندو چوون؟ یان هەندێك لە نیشانەكانی پەروەردگارت دەربكەوێت (كە بەڵگەیە لەسەر بەرپا بوونی قیامەت)؟ لە ڕۆژی هاتنی هەندێك لە نیشانەكانی پەروەردگارت (وەكو هەڵهاتنی ڕۆژ لە خۆرئاوا...)، ئەو كەسەی ئەو ڕۆژە ئیمان و باوەڕ دەهێنێت، ئەو ئیمان و باوەڕەی سوودی بۆی نابێت ئەگەر پێشتر ئیمانی نەهێنابێت، یان كردەوەی چاكی هاوڕێ لەگەڵ ئیمانەكەیدا ئەنجام نەدابێت، پێیان بڵێ: چاوەڕێ بكەن (بزانین خوا چیتان بەسەر دەهێنێت) ئێمەش چاوەڕوانین.**

**وە فەرموودە صەحیحەكان بەڵگەن لەسەر ئەوەی كە(بعض الآيات)بریتیيە لە دەركەوتنی خۆر لەڕۆژئاواوە، ئەمەش ووتەی زۆربەی موفەسرینە**/انظر تفسير الطبرى٨/٩٦-١٠٢ وتفسير ابن كثير ٣/٣٦٦-٣٧١. وتفسير الطبري ٧/١٤٥.و إتحاف الجماعة ٢/٣١٥-٣١٦.

**ئیمامی(الطبري)(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەدوای باس كردنی ووتەی موفەسرینەوە لەم ئایەتەدا دەفەرمووێ: (وە یەكەم ووتە كە پێكابێتی لەمەدا ئەوەیە كە هەواڵی پێغەمبەری خوای(ﷺ) لەسەرە فەرموویەتی ئەوەیە كە دەركەوتنی خۆرە لە ڕۆژئاواوە/** تفسيرى الطبري ٨/١٠٣.

**ب.بەڵگە لە فەرمودەدا:**

**١-لە ئەبی هوریرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (قیامەت هەڵناسێ هەتا خۆر لە ڕۆژئاواوە دەرئەکەوێ، کاتێ دەرکەوت و خەڵکی بینیان هەموویان ئیمان ئەهێنن. ئەو کاتەیە کە هیچ نەفسێ ئیمانەکەی سوودی نیە بۆی ئەگەر لەوەو پێش ئیمانی نەهێنابێ یان بە تیشکی ئیمانەوە چاکەی نەکردبێ).** البخاری ٣٥٢/١١ ومسلم ١٩٤/٢.

**٢.لە ئەبی هورەیرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمویەتی: (قیامەت هەڵناسێ هەتا دوو کۆمەڵ بە شەڕ دێت....... (فەرمودەکەی باس کردو تیایەتی)....وە هەتا خۆر لە ڕۆژئاوا دەرئەکەوێ. کاتێ دەرکەوت هەموو ئیمان دێنن. ئەو کاتەیە کە هیچ نەفسێ ئیمانەکەی سوودی نیە بۆی ئەگەر لەوەو پێش ئیمانی نەهێنابێ یان بەتیشکی ئیمانەوە چاکەی نەکردبێ).** البخاری ٨١/١٣-٨٢.

**٣-لە ئەبی هورەیرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (کار پێش بخەن پێش شەش شت: دەرکەوتنی خۆر لە ڕۆژئاوە....).** مسلم ٨٧/١٨.

**٤-لە عبدالله ی کوڕی عومەرەوە(ڕەزای خوایان لێ بێت) فەرموویەتی: (فەرموودەیەکم لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) لەبەر کردوە کە هەرگیز بیرم ناچێتەوە: بیستومە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەیفەرموو: یەکەم نیشانە کە دەردەکەوێ هەڵهاتنی خۆرە لە ڕۆژئاواوە).** مسند احمد ١١٠/١١-١١١ (ح٦٨٨١) تحقیق احمد شاكر. ومسلم ٧٧/١٨-٧٨

**٥-لە (أبي ذر)ەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕۆژێکیان فەرمووی: (ئایا ئەزانن ئەم خۆرە بۆ کوێ دەچێ؟ ووتیان: خواو پێغەمبەرەکەی دەزانێ. فەرمووی: (ئەمە دەڕوات هەتا دەچێتە شوێنگەی خۆی لە ژێر عەرش. ئەکەوێت بە کڕنوشداو بەو جۆرە دەمێنێتەوە هەتا پێی**

دەوترێت: بەرز بەرەوەو بگەرێرەوە لە کوێوە هاتوویت. وە ئەگەڕێتەوە بە درەوشاوەیی لە خۆرهەڵاتەوە دەردەکەوێ. پاشان: ئەڕوا هەتا ئەگاتە شوێنگەی خۆی لەژێر عەرش و ئەکەوێ بە کڕنوشداو بەو جۆرە دەمێنێتەوە تاپێی دەوترێ: بەرز بەرەوە بگەڕێرەوە لەکوێوە هاتووی. وە دەگەڕێتەوە بەدرەوشاوەیی لەخۆرهەڵاتەوە دەردەکەوێ. پاشان دەڕوات خەڵکی بەلایانەوە سەیر نیەیەو هەستی پێناکەن، هەتا دەگاتە شوێنگەی خۆی لەوێ لەژێر عەرش و پێی دەوترێت: بەرزبەرەوەو بەدرەوشاوەیی لە خۆرئاواوە دەرکەوە. بە درەوشاوەی لە خۆر ئاواوە دەردەکەوێ) پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (ئایا دەزانن ئەوە کەی ڕوودەدات؟ کاتێك کە هیچ نەفسێك ئیمانەکەی سوودی نیە ئەگەر لەوەو پێش ئیمانی نەهێنابێ یان بەتیشکی ئیمانەوە چاکەی نەکردبێ).مسلم ٢/١٩٥-١٩٦. و رواه البخاري مختصرا صحيحة٨/٥٤١. و ١٣/٤٠٤.

## وەرنەگرتنی ئیمان و تەوبە دوای دەرکەوتنی خۆر لە خۆر ئاواوە:-

کە خۆر لە خۆرئاواوە دەردەکەوێت ئیمان هێنان و تەوبە وەرناگیرێ. چونکە وەکو ئەوانە وایە کەسزای خوا دەبینن. پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: (لاتنقطع الهجرة ما تقبلت التوبة. ولا تزال مقبولة حتى تطلع الشمس من المغرب. فإذا طلعت طبع على كل قلب بما فيه، وكفي الناس العمل).مسند الامام احمد٣/١٣٣-١٤٤. (ح١٦٧١) وقال: اسناده صحيح. وقال ابن كثير: هذا اسناده جيد قوى/النهاية/الفتن والملاحم ١/١٧٠. وقال الهيثمي: (رجال احمد ثقات) مجمع الزوائد ٥/٢٥١.

واتە: کۆچ کردن کۆتایی پێنایەت هەتا تەوبە وەربگیرێت. وەتەوبەش بەردەوام وەردەگیرێت هەتا خۆر لە خۆرئاواوە دەردەکەوێ. کاتێ دەرکەوت مۆر دەدرێ لەسەر هەموو کردەوەکانی ناو دڵ. وەکۆتایی دێت بە کردەوەی خەڵکی.

**وه دەفەمووێت :(إن الله عزوجل جعل بالمغرب باباً عرضه مسيرة سبعين عاماً للتوبة. لا يغلق حتى تطلع الشمس من قِبَله. وذلك قول الله تبارك وتعالى:** (يوم تأتي بعض آيات ربك لاينفع نفسا إيمانها لم تكن آمنت من قبل أو كسبت في إيمانها خيراً)**الآية.** رواه الترمذي٩/٥١٧-٥١٨ قال الترمذي: هذا حديث حسن صحيح. وقال ابن كثير: صححه النسائي/ تفسيرابن كثير ٣/٣٦٩.

**واتە: خوای گەورە دەرگایەکی بۆ تەوبە لەلای ڕۆژئاواوە داناوە کە پاذیەکەی ڕێ پیێوانی حەفتا ساڵە. داناخرێ هەتا خۆر لە ڕوویەوە هەڵدێ، ئەوەش ووتەی خوای گەورەیە کە دەفەرمووێت....... ئایەتەکە.....**

**عن أبي موسى**(رضي الله عنه) **قال: قال رسول الله**(ﷺ): **(إن الله يبسط يده بالليل ليتوب مسيء النهار، ويبسط يده بالنهار ليتوب مسيء الليل. حتى تطلع الشمس من مغربها)**.مسلم١٧/٧٦.

**واتە: خوای گەورە بەشەو دەستی ڕادەخات تا تاوانباری ڕۆژ تەوبە بکات. وە دەستی بە ڕۆژ ڕادەخات تا تاوانبارانی شەو تەوبە بکات بەم جۆرەیە هەتا خۆر لە خۆر ئاواوە دەردەکەوێ.**

# حەوتەم: گیانلەبەرەکە(الدآبّة)

**بەڵگە لەسەر دەرکەوتنی:**

**أ-لە قورئان دا:**

(﴿ ۞ وَإِذَا وَقَعَ ٱلۡقَوۡلُ عَلَيۡهِمۡ أَخۡرَجۡنَا لَهُمۡ دَآبَّةً مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ تُكَلِّمُهُمۡ أَنَّ ٱلنَّاسَ كَانُواْ بِـَٔايَـٰتِنَا لَا يُوقِنُونَ ﴿٨٢﴾ ).النمل /٨٢.

**واتە: کاتێك بڕیاری بەرپابوونی (قیامەت درا، یاخود نزیك بۆوە)، زیندەوەرێك لە زەوی دەردەهێنین بۆیان کە قسەیان بۆ دەکات کە: بەڕاستی زۆربەی خەڵکی باوەڕیان بە ئایەت و فەرمانەکانی ئێمە نەبووە.**

**ئەمەش لە کاتی زۆربوونی تاوان و گۆڕانی دینی حەق و داهێنان لە فەرمانەکانی خوادایە.**

**عبدالله ی کوڕی مەسعود(ڕەزای خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (کاتی سزاکە لەکاتی مردنی زانایان و نەمانی عیلم و بەرز بوونەوەی قورئاندایە) پاشان فەرمووی: (زۆر قورئان بخوێنن پێش ئەوەی هەڵبگێرێتەوە) ووتیان: ئەم هەڵگیرانەوەیە لە کتێبەکەدایە. ئەی ئەوەی لەسنگی پیاواندایە چی لێ دێت؟ فەرمووی: لە یەك شەودا هەڵدەگیرێتەوە بەیانی دەکەنەوە سنگیان بەتاڵ بوەتەوەو ووشەی (لااله الا الله)یان لەبیردەچێتەوەو دەکەونە قسەو دروشمی نەفامیەوە ئەوەش ئەو کاتەیە کە سزایان بەسەردا دەچەسپێ./تفسیر القرطبي ٢٣٤/١٣......**

**ب-لە فەرمودەدا:**

**١-لە ئەبی هورەیرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمویەتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمویەتی: (سێ نیشانە لەگەڵ دەرکەوتن هیچ نەفسێك ئیمانەکەی سوودی پێ ناگەیەنێ ئەگەر لەوەو پێش ئیمانی نەهێنابێ یان بە ئیمانەوە چاکەی**

نەکردبێ: دەرکەوتنی خۆر لە خۆرئاواوە، دەججال، وە گیانلەبەری زەوی).مسلم ٢/ ١٩٥.

٢-عن عبدالله بن عمرو(رضي الله عنهما) قال: (حفظت من رسول الله(ﷺ) لم أنسه بعد. سمعت رسول الله(ﷺ) يقول: إن أول الآيات خروجاً طلوع الشمس من مغربها. وخروج الدآبة على الناس ضحىً، وأيّهما ما كانت قبل صاحبتها، فالأخرى على أثرها قريبا).مسلم ١٨/٧٧-٧٨.

واتە: عبدالله ی کوڕی عمرو دەفەرموێ: فەرمودەیەکم لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) لەبەرکردوە کە هەتا ئێستا لەبیرم نەچۆتەوە. بیستوومە ئەیفەرموو: یەکەم نیشانە کە دەردەکەوێ دەرکەوتنی خۆرە لە خۆرئاواوە. وە دەرچوونی گیانلەبەرێکە بۆ سەر زەوی لە چێشت هەنگاودا. وە کامیان لە پێش ئەوی ترەوە بوو ئەوا ئەوەی تریان بەزوویی بەدوایدا دەردەکەوێت.

١- لە أبي أمامەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) وە ئەیداتە پاڵ پێغەمبەر(ﷺ) کە فەرموویەتی: (گیانلەبەرەکە دەردەکەوێ، مۆر دەدات لەسەر لوتی خەڵکی. پاشان لەو کەسانە زۆر دەبن تیاتاندا، هەتا کابرایەك حوشترێك دەکڕێت. دەڵێن: لە کێت کڕیوە؟ دەڵێ: لە یەکێك لەو تاوانبارانەی کە لوتی کوتراوە).مسند الامام احمد ٥/٢٦٨. قال الهيثمي: (رجاله رجال الصحيح غير عمر بن عبدالرحمن بن عطية وهو ثقه)مجمع الزوائد ٨/٦ وقال الالباني: (صحيح) انظر (ص.ج.ص) ٣/٣٧(ح٢٩٢٤).

٢-لە ئەبی هورەیرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) فەرموویەتی: (گیانلەبەرەکە دەردەچێ، گۆچانەکەی موسا(عليه السلام) وە موستیلەکەی سلیمان(عليه السلام)ی پێیە. لوتی کافری پێ دەکوتێ - عەففان(کەیەکێکە لە ڕاویانی فەرموودەکە) دەفەرمووێ: لووتی کافر بە مستیلەکە دەکوتێ و ناوچاوانی ئیماندارانیش بە گۆچانەکەی، بەجۆرێ ئەگەشێتەوە. هەتا کۆمەڵێك لەسەر سفرەیەك دادەنیشن لەسەر خوانەکەیان ئەمیان دەڵێ: ئەی ئیماندار، وە ئەویان دەڵێ: ئەی کافر).مسند الامام احمد ١٥/٧٩-

٨٢(ح ٧٩٢٤) تحقيق احمد شاكر وقال: اسناده صحيح. وسنن الترمذي ٤٤/٩. وقال: حديث حسن. ومستدرك الحاكم ٤/٤٨٥-٤٨٦. وه شێخ ئەلبانی ئەفەرموێت: ضَعیفە بەڵام زانایان پێیان وایە وانیەو (على بن زيد بن جدعان)كە یەكێكە لە ڕاویانی فەرمودەكە سیقەیە.

## ئەو گیانلەبەرە لە كام گیانلەبەرانەیە/

زانایان زۆر ئیختیلافیان هەیە كە ئایا ئەو گیانلەبەرە چی بێت؟ لەو ڕایانەش:

١-ئیمامی قورطبي(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: بەچكەی حوشترەكەی (صالح)ە (علیه السلام) كە چووە ناو بەردەكەوەو دوایی دێتە دەرەوە. والله اعلم/تفسير القرطبي ١٣/.٢٣٥

٢-هەندێكی تر پێیان وایە ئەو(جەساسە)یەیە كە هەواڵ دەبات بۆ دەججال، ئەمیش ڕای بەیضاوي‌یە لە تەفسیرەكەیدا. ١٢١/٤.

٣-هەندێكی تریش دەڵێن مرۆڤێكە یان ئەڵێن میكرۆبە، وە هەتا ئێستا كەس نەیزانیوە بە تەواوی چی‌یە تەنها خوا خۆی دەزانێ، والله اعلم.

## شوێنی دەركەوتنی گیانلەبەرەكە/

ئەمەش اختلافی تێدایە. هەیانە ئەڵێ دەركەوتنی لە مەككەی پیرۆزەوە لە گەورەترین مزگەوتەوەیە. وە هەیە پێی وایە سێ دەركەوتنە. جاری یەكەم لە هەندێ دەشتەوە پاشان نامێنێ‌و پاشان لە هەندێ گوندەوە دەردەكەوێ. پاشان لە مزگەوتی(الحرام)ەوە دەردەكەوێتەوە، وە ڕای تر زۆرەو زۆربەی ئەوە دەگەیەنێ كە لە حەڕەمی مەككەوەیە. والله اعلم بذلك/انظر التذكرة ص٦٩٧-٦٩٨. والاشاعة ص ١٧٦-١٧٧. ولوامع الانوار ١٤٤/٢-١٤٥.

## كاری ئەم گیانلەبەرە/

ئەم گیانلەبەرە ئیماندار دەكوتێ بە گۆچانەكەی تا ناوچەوانی دەدرەوشێتەوە. وە لووتی كافر ئەكوتێ. وە لەسەر مانای ووشەی (التَّكليم) لە ئایەتی: (....تكلّمهم أن الناس كانوا بآياتنا لا يوقنون) موفەسیرین اختلافیان هەیە:

١-كۆمەڵێك بە مانای: قسەیان لەگەڵ دەكات. لێكی دەدەنەوە، بەڵگەی ئەمەش خوێندنەوەكەی أبی بن كعب (ﷺ) كە دەفەرموێ:(تُنَبِّئُهُم).

٢-كۆمەڵێكی تر پێیان وایە واتە: بریندداریان دەكات. بەڵگەی ئەمەش خوێندنەوەی (تَكْلمهم)ە كە لە (كَلم)ەوە هاتوە واتە برینداری. ئەمەش لە ابن عباسەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) ڕیوایەت كراوە. واتە: بەكوتان ئەیان كوتێ/انظر تفسیر القرطبي١/٢٣٧ وتفسیر ابن كثیر ٦/٢٢٠. وتفسیر الشوكاني ٤/١٥٢.

وە لە ئیبن عەباسەوە ڕیوایەت كراوە كە ئەفەرمووێ: هەردووكیان دەكات. واتە: قسەكردن و كوتان.

ابن كثیر(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێ: ئەمە ووتەیەكە چاكەو نەفی ناكرێ. والله اعلم/ تفسیر ابن كثیر ٦/٢٢٠.

وە قسەكەشی كە لەگەڵ خەڵكی دەدوێ ئەوەیە كە دەڵێ: (إن الناس كانوا بآیاتنا لایوقنون) بەم جۆرەش بەپێی ئەو كەسانەی كە بە فەتحەی هەمزەی(أنّ) دەیخوێننەوە. واتە: هەواڵیان دەداتێ كە زۆربەی خەڵكی باوەڕیان بە ئایەت و فەرمانەكانی ئێمە نەبووە. ئەمەش خوێندنەوەی زۆربەی قورئانخوێنانی ئەهلی (كوفە)و هەندێ لە خەڵكی (بەصرە)یە.

بەڵام خوێندنەوەی زۆربەی قورئانخوێنانی (الحجاز)و (البصرە)و (شام)ە بە كەسرەی هەمزەكەی (إنّ) واتە ماناكەی بەم شێوەیە: قسەیەكیان لەگەڵ دەكات كە بێزاریان دەكات. یان بەتاڵی دینەكان جگە لە ئیسلام دەكاتەوە/انظر تفسیر القرطبي٢٠/١٦وتفسیر الطبري ١٣/٢٣٧-٢٣٨.وتفسیر الشوكانی ٤/١٥٢.

ابن جەریر(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێ: ڕاستی قسە لەمەدا ئەوەیە كە ئەمە دوو خوێندنەوەی نزیكە لە ماناداا. هەڵقوڵاوە لەخوێندنەوەی شوێنەكانەوە/تفسیر الطبري ٢٠/١٦.

## هەشتەم: ئەو ئاگرەی کە خەڵکی کۆدەکاتەوە(النار التي تحشر الناس)

ئەمەش کۆتا نیشانەی قیامەتی گەورەیە. وەیەکەم نیشانەی ئاماژەیە بە هەستانی ڕۆژی دوایی.

**شوێنی دەرکەوتنی/**

وە لە ڕیوایەتەکاندا هاتووە کە ئەم ئاگرە لە(یەمەنە)وەیە لە ناخی (عدن)و لە دەریای (حَضرَمَوت)ەوەیە. هەروەك لە ڕیوایەتی تردا هاتووە:

١-لە فەرموودەکەی(حذيفەی کوڕی أسيد)دا هاتووە کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی: (....وە کۆتای ئەوە ئاگرێکە لە یەمەن دەردەکەوێ خەڵکی ڕاودەنێ بۆ مۆڵگاکەیان).مسلم١٨/٢٧-٢٩. وە لە ڕیوایەتێکی حوزەیفەدا هاتووە: (وە ئاگرێك لە ناخی عەدەن دەردەکەوێ خەڵکی کۆچ پێ دەکات).مسلم ١٨/٢٧-٢٩

٢-عن ابن عمر(رضي الله عنهما) قال: قال رسول الله(ﷺ): (ستخرج نار من حضرموت أو من بحر حضرموت قبل يوم القيامة. تحشر الناس).مسند الامام احمد ١٣٣/٧(ح٥١٤٦) قال احمد شاكر: اسناده صحيح. والترمذي ٤٦٣/٦-٤٦٤ قال الالباني: (صحيح) انظر (ص.ج.ص)٢٠٣/٣ (ح٣٦٠٣).

واتە: ئاگرێك لە حضرموت یان لە دەریای حضرموت پێش ڕۆژی دوایی دەردەکەوێت خەڵکی کۆدەکاتەوە.

٣-لە (أنس)ەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) کەوا عبداللەی کوڕی سەلام کاتێ موسڵمان بوو پرسیاری چەند مەسەلەیەکی لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) کرد. لەوانە: یەکەم نیشانەی قیامەت چیە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (یەکەم نیشانەی قیامەت ئاگرێکە خەڵکی لە ڕۆژهەلاتەوە کۆدەکاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا).البخاری ٣٦٢/٦(ح ٣٣٢٩).

وە کۆکردنەوە لە نێوان ئەم فەرمودانە کە ئەم نیشانەیە کۆتا نیشانەی گەورەیە یان یەکەم نیشانەیە، ئەوەیە: کە کۆتا نیشانەیە بەوەی کە لە فەرموودەکەی

**حوذەیفەدا هاتووە لە کۆتاییەوە، وە یەکەمە بەوەی کە یەکەم نیشانەیەو هیچ نیشانەیەکی دنیایی لە دوایەوە نیەو دوای دەرکەوتنی ئەم نیشانەیە فوو دەکریٚ بە کەڕەنادا.**...... /فتح الباري١٣/٨٢.

**وە ڕیٚکخستنی ئەوەی کە دەفەرمویٚت: لە یەمەنەوەیە، یان دەفەرمویٚ: لە ڕۆژهەلاٚتەوە بەرەو ڕۆژئاوا خەلٚکی کۆدەکاتەوە:**

**١-ئەگونجیٚ بلٚیٚین دەرچوونی لە عەدەن ئەوە ناگەیەنیٚ کە خەلٚکی لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەلاٚت کۆدەکاتەوە. چونکە لە ناخی عەدەنەوە دەست پیٚ دەکات و بە زەویدا بلاٚودەبیٚتەوە. وە مەبەست بەوەش هەموو کۆبونەوەکەیە بە گشتی نەك تەنها ڕۆژهەلاٚت و ڕۆژئاوا**/فتح الباری ١٣/٨٢.

**٢-یەکەم جار کە ئاگرەکە بلاٚودەبیٚتەوە بۆ ئەهلی ڕۆژهەلاٚتە. چونکە فیتنە هەردەم لەویٚوەیە. وە لەبەرئەوەیە بەرەو ڕۆژئاوا دەچیٚ چونکە شام بە نیسبەت ڕۆژهەلاٚتەوە ڕۆژئاوایە.**

**٣-ئەگونجیٚ ئەو ئاگرە مەبەست لەو فیتنەیە بیٚت کە لە ڕۆژهەلاٚتەوە دەستی پیٚکردو خەلٚکی لە ڕۆژهەلاٚتەوە بەرەو شام و میصر کۆکردەوە. کە ئەمانیش لە ڕۆژئاوان. ئەمەش چەندەها جار بینراوە لە سەردەمی جەنگیزخان و دوای ئەمدا. بەلاٚم ئاگرەکەی فەرموودەکەی حوزەیفەی کوڕی أسید و ابن عمر ئاگری ڕاستیە.**/فتح الباری ١١/٣٧٨-٣٧٩.بتصرف بسيط. والله اعلم.

## چۆن خەلٚکی کۆدەکاتەوە/

**ئەم ئاگرە لە یەمەنەوە کە دەردەکەویٚ لە زەویدا بلاٚودەبیٚتەوەو خەلٚکی پیٚش خۆی دەدات بۆ زەوی مەحشەر. ئەوانەش کەحەشر دەکریٚن لە سەر سیٚ کۆمەلٚن:**

**١-کۆمەلٚیٚك بە ئارەزوو و ویستی خۆیان دەڕۆن خواردن دەخۆن و حالٚیان باشەو پۆشتەو سوارن.**

٢–كۆمەڵێك ساتێ بە پیادەو ساتێ بە سوار دەڕۆن و لەسەر یەك حوشتر بە نۆرە سوار دەبن بە دووان دووان یان بە سیان یان بە دە کەس وڵاغێکیان پێیە ئەویش لەبەر کەمی وولاخ لەو ڕۆژەدا.

٣–کۆمەڵی سێیەم ئاگر کۆیان دەکاتەوە لە دواوە دەیان گرێتەوە لە هەموو لایەکەوە ڕاپێچیان دەکات بەرەو زەوی مەحشەر پێشیان دەدات و هەر کەسێکیش دواکەوت ئاگر دەیخوات. /انظر النهاية/الفتن والملاحم ١/٢٣٠-٢٣١.

وە ئەو فەرمودانەی لەسەر ئەم حەشرکردنە هاتووە ئەمانەن:

١–لە أبی هورەیرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) فەرموویەتی: (خەڵکی بە سێ جۆر حەشر دەکرێن: بە ویستی خۆیان دەڕۆن، وە بە ترس، وە دووان لەسەر حوشترێك و سیان لەسەر حوشترێك و چوار لەسەر حوشترێك و دە کەس لەسەر حوشترێ. وە پاشماوەکەیان ئاگر کۆی دەکاتەوەو لە کوێ شەو بەسەر دەبەن لەگەڵیاندایەو وە لە کوێ ڕۆژ بەسەردەبەن لەگەڵیاندایەو وە لە کوێ بەیانیان کردەوە لەگەڵیانەو لە کوێ ئێوارەیان کردەوە لەگەڵیان دەمێنێتەوە). البخاری ١١/٣٧٧ ومسلم ١٧/١٩٤-١٩٥.

٢–لە عبدالله کوری عومەرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (ئاگرێك دەنێردرێتە سەر ئەهلی ڕۆژهەڵات. کۆیان دەکاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا، لەکوێ شەو بەسەر دەبەن لەگەڵیانەو لە کوێ ڕۆژ بەسەر بەرن لە گەڵیانە. هەر کەسێکیان لێ کەوت و جێما بۆ ئەو دەبێ، وەکو حوشتری (الکَسیر) پێش خۆیان دەدات).رواه الطبرني في الكبير والاوسط ورجاله ثقات (مجمع الزوائد )١٢/٨. ورواه الحاكم في المستدرك ٥٤٨/٤ وقال: هذا حديث صحيح ولم يخرجاه ووافقه الذهبي على تصحيحه.

٣–لە حوزەیفەی کوڕی أسید(ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمووی: أبو ذر(ڕەزای خوای لێ بێت) هەستاو فەرمووی: ئەی نەوەی غیفار! قسە بکەن و جیاواز مەبن. چونکە ڕاستگۆی بە ڕاست دانراو(صادق المصدوق)(ﷺ) پێی

ڕاگەیاندم: (کەوا خەڵکی بە سێ کۆمەڵ حەشر دەکرێن: کۆمەڵێ بەسواریو حاڵ باشی لە نان خواردن و پۆشتەییدا. وە کۆمەڵێك دەڕۆن و هەڵپە دەکەن. وە کۆمەڵێك مەلائیکەت ڕایان دەکێشن بەسەر دەم و چاوداو کۆیان دەکاتەوە بەرەو ئاگر. یەکێکیان فەرمووی: ئەم دووانە زانیمان ئەی ئەوانە چییانە کە دەڕۆن و هەڵپە دەکەن؟ فەرمووی: خوای گەورە دەردێك دەنێرێت بۆ وولاخ بە جۆرێ وولاخ نامێنێ. هەتا پیاوێك باخچەیەکی سەرسوڕهێنەری هەبێ ئەیدات بە حوشترێکی پیری ئیشکەر(الشارف ذات القتب) کەچی هێشتا توانای نیە بەسەریدا لێی بسەنێو بیگۆڕێتەوە).مسند الامام احمد ٥/١٦٤-١٦٥. وسنن النسائی ٤/١١٦-١١٧. ومستدرك الحاكم ٤/٥٦٤. وقال الحاكم: هذا حديث صحيح الاسناد الى الوليد بن جميع ولم يخرجاه. وقال الذهبي في تلخيصه للمستدرك: الوليد قد روى له مسلم متابعة. واحتج به النسائي: قلت: سند النسائي رجاله ثقات. ...

## زەوی مەحشەر/

بەرەو شام کۆدەکرێنەوەو ئەوێ زەوی مەحشەرەکەیە:

١-لە ابن عومەرەوە(ڕەزای خوایان لێ بێت) لە باسی دەرچوونی ئاگرەکەداو تیایەتی فەرموویەتی: ووتمان ئەی پێغەمبەری خوا! فەرمانی چیمان پێ دەکەیت؟ فەرمووی: (بەرەو شام بچن).رواه الامام احمد والترمذي وقد سبق تخرجه.

٢-لە حکیم کوڕی معاویە البهزییەوە لەباوکییەوە. .......(فەرموودەکەی باس کرد.....وە ووتەی پێغەمبەری خوای(ﷺ) تیایە کە فەرموویەتی: (ئا لەوێ حەشر دەکرێن. ئا لەوێ حەشر دەکرێن. ئا لەوێ حەشر دەکرێن (سێ جار) بەسوارییو بە پیادەیی و لەسەر دەم و چاوتان) ابن ابی بکیر فەرمووی: بە دەستی ئیشارەتی کرد بۆ شام. فەرمووی: بەرەو ئەوی حەشر دەکرێن).مسند احمد ٤/٤٤٦-٤٤٧.

٣-لە عبداللە کوڕی عومەرەوە فەرمووی: بیستومە لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو: (کۆچ کردن لەسەر کۆچ کردن ڕوودەدات. خەڵکی خۆی لادەدات

بەرەو ئەو شوێنەی ابراهیم کۆچی بۆ کرد. لە زەوی‌دا جگە لە خراپەکارانی خەڵکەکە هیچ کەس نامێنیٚ.........).مسند احمد١١/٩٩ (ح٦٨٧١) قال احمد شاكر: اسناده صحيح. وسنن ابي داود ٧/١٥٨ (٢٤٦٥) وقال الحافظ ابن حجر: اخرجه احمد وسنده لابأس به (فتح الباري ١١/٣٨٠).

وە هۆی ئەوەی کە شام زەوی مەحشەرە لەبەر ئەوەیە کە ئاسایش و ئیمان لەکاتی فیتنەی قیامەتدا لە شامە. وە لە فەزڵی نیشتەجیٚ بوون تیایدا فەرموودەی صەحیح زۆرە، لەوانە:

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دوعای کردوە بۆ شام: عن ابن عمر(رضي الله عنه) قال: قال النبي(ﷺ): (اللهم بارك لنا في شامنا. اللهم بارك لنا في يمننا).البخاري ١٣/٤٥.

واتە: خوایە بەرەکەت بخەیتە شاممانەوە. خوایە بەرەکەت بخەیتە یەمەنمانەوە.

وە ئەم حەشرە لە دونیادایە چونکە خەڵکی خواردن دەخوات و ئەخەوێت و دێت و دەچیٚو کرین و فرۆشتن دەکات وەك لە فەرمودەکاندا هاتووە. وە ئەمە قیامەت نیە وەکو هەندێك لە زانایان ڕایان وایە لەوانە (الغزالي و الحليمي) کە پێیان وایە ئەمە لە قیامەتدایە. وە ئەم مەحشەرە مەحشەری قیامەت نی‌یە چونکە حەشری قیامەت وەك پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمووێت: خەڵکی بە ڕووتی‌و پێی پەتی‌و خەتەنە نەکراوی حەشر دەکرێن.

لە ابن عەباسەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە ناوماندا هەستاو فەرمووی: (ئێوە حەشر دەکرێن بە ڕوتی‌و پێی پەتی‌و خەتەنە نەکراوی:﴿....كَمَا بَدَأْنَآ أَوَّلَ خَلْقٍ نُّعِيدُهُۥ ....﴾ الانبياء/١٠٤. {واتە: هەروەك چۆن لە سەرەتاوە دروستمان کرد، وەك ئەوسای خۆی لیٚ دەکەینەوە (بۆ ئەوەی سەر لەنویٚ بە شێوەیەکی تر دروستی بکەینەوە.}وە یەکەم دروستکراوێك کە پۆشتە دەکرێتەوە لەڕۆژی قیامەتدا ابراهیمی خەلیلە).البخاری١١/٣٧٧.

ابن حەجەر(ڕەحمەتی خوای لیٚ بیٚت) دەفەرموویٚت: ئەوانەی کە زیندوو دەکریٚنەوە دوای مردن بەڕوتیو پیٚی پەتی لە کویٚوە باخچەیان هەیە تا بیدەن بەحەقی حوشتردا). فتح الباري ۳۸۲/۱۱.

ئەمەش کۆتا نیشانە بوو لە نیشانە گەورەکانی رۆژی دوایی

## چەند تیٚبینیەك لەسەر نیشانەکانی ڕۆژی دوایی/

١-بیٚ گومان باوەڕ بوون بە نیشانەکانی ڕۆژی دوایی لە باوەڕبوونەوەیە بە غەیب، وە بە بەبیٚ بڕوابوون بەغەیبیش ئیمان دانامەزریٚ.

٢-ئیمان بوون بە نیشانەکانی ڕۆژی دوایی دەچیٚتە ناو ئیمان بوون بەڕۆژی دواییەوە.

٣-هەر هەواڵیٚك کە پیٚغەمبەری خوا(ﷺ) ڕاگەیاندوەو پیٚمان گەیشتوە بە متواتری یان (آحاد)ی ئەبیٚ باوەڕمان پیٚی هەبیٚت و وەری بگرین و دروست نیە ڕەت بکریٚتەوە. چونکە عەقیدە بە فەرمودەی صەحیح وەردەگیریٚ ئەگەرچی (آحاد)یش بیٚ.

٤- پیٚغەمبەری خوا(ﷺ) هەواڵی داوە بە ئوممەتەکەی لەوەی کە ڕووی داوەو ڕوودەدات تا ڕۆژی دوایی.

٥-کاتی ڕوودانی قیامەت تەنها خوای گەورە ئەیزانیٚو هیچ مەلائیکەتیٚکی خۆی لە مەلائیکەتە نزیکەکانیشیو هیچ پیٚغەمبەریٚك لە پیٚغەمبەرانیش کاتەکەی نازانن.

٦-هیچ فەرموودەیەکی صەحیح نەهاتوە لەبارەی دیاری کردنی تەمەنی دونیاوە.

٧-نیشانە بچوکەکانی ڕۆژی دوایی زۆربەی دەرکەوتووە کەمیٚکی نەبیٚت.

٨-مەرج نیە نیشانەکانی ڕۆژی دوایی هەمووی قەدەغە لیٚکراوبیٚت، بەڵکو حەرام و واجب و موباح و خیٚرو شەڕی لەخۆگرتوە.

٩- تا ئێستا هیچ کام له نیشانه گەورەکانی ڕۆژی دوایی دەرنەکەوتووە.
١٠-کاتێ یەکەم نیشانەی ڕۆژی دوایی دەرکەوت، نیشانەکانی تر شوێنی دەکەون هەروەکو چۆن دەنکە تەسبیح شوێنی یەك دەکەون کاتێ پەتەکەی دەقرتێ.
١١-دەرکەوتنی نیشانەکانی ڕۆژی دوایی بەڵگەی موعجیزەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)و ڕاستگۆیەتی‌یەتی.
١٢-دەرکەوتنی زۆربەی نیشانەکانی ڕۆژی دوایی بەڵگەیە لەسەر کۆتایی هاتنی ئەم دنیایەو نزیك بوونەوەی تێکچوونی، وە هەروەکو نیشانەکانی مەرگی ئەو کەسە وایە کە لەسەرە مەرگدا بێت.
١٣-دەرگای تەوبە کراوەیە هەتاوەکو ئەو کاتەی خۆر لە خۆر ئاواوە هەڵدێ.
١٤-هەڵهاتنی خۆر لە خۆرئاواوە نیشانەی هەستانی قیامەت نی‌یە، بەڵکو دوای ئەوەش کاروباری دونیا هەر بەردەوامە وەکو کڕین و فرۆشتن و شتی تر.
١٥-کۆتا نیشانەی گەورە ئەو ئاگرەیە کە هەڵدەستێت و خەڵکی بەرەو شام کۆدەکاتەوە. ئەمەش لەدونیادایە.
١٦-ڕۆژی دوایی ڕوونادات ئیلا لەسەر خراپەکارانی خەڵکی نەبێت.
خوای گەورە دامەزراوی‌و عاقیبەت خێریمان پێ ببەخشێت و لە هەموو فیتنەیەکی ئاشکراو پەنهان بمانپارێزێت...

وصلى الله وسلم وبارك على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين
سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين والحمد لله رب العالمين
سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لا اله الا أنت أستغفرك وأتوب اليك.

حەمزە بەرزنجی
١٤١٨ کۆچی

## ناوەڕۆك


| ناوی بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەكی.................................................. | ٣ |
| المهدي.................................................. | ٨ |
| یەكەم: چاوسڕاوەی حەق داپۆشەر(المسیح الدجال)......... | ١٤ |
| حاڵی إبن صیاد....................................... | ٢٠ |
| دووەم: دابەزینی عیسا(علیه السلام).................... | ٣٩ |
| سێیەم: یەئجوج و مەئجوج............................. | ٥١ |
| چوارەم: سێ ڕۆچوونەكە............................... | ٥٩ |
| پێنجەم: دوكەڵ (الدخان)............................. | ٦٠ |
| شەشەم: دەركەوتنی خۆر لە خۆرئاواوە................. | ٦٤ |
| حەوتەم: گیانلەبەرەكە (الدآبّة)...................... | ٦٨ |
| هەشتەم: ئەو ئاگرەی كە خەڵكی كۆدەكاتەوە............. | ٧٢ |
| چەند تێبینییەك لەسەر نیشانەكانی ڕۆژی دوایی............ | ٧٧ |
| ناوەڕۆك.................................................. | ٧٩ |


**چاوەڕوانی بەشی دووەم (قیامەتی گەورەو ناڕەحەتییەكانی بن)**

**بە پشتیوانی خوای گەورە.**